# گشتێتی و کەسایەتی لە ئاوێنەی مژابادا
# توێژینەوەیەک بەپێی تیۆریی ڕۆمانی مێژوویی لووکاچ

**ڕەحمان فەرامەرزی**[1]

**ماستەری کۆمەڵناسی**

”

**پوختە**

ڕۆمانی مێژوویی یەکێکە لە ژانرە گرنگەکانی گێڕانەوە و وەک ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکانی ڕابردوو و ڕووداوە مێژووییەکان دەور دەگێڕێت. لە ویژەی کوردییشدا ڕۆمانی مێژوویی زیاتر و زووتر لە جۆرەکانی تری ڕۆمان سەری هەڵداوە و نووسەرانی کوردیش هەوڵیان داوە توانای خۆیان لەو بوارەدا تاقی بکەنەوە؛ بەڵام ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک بەپێی پێوەرەکانی ڕۆمانی مۆدێڕن، ئەو گێڕانەوانە کەوتوونەتە خانی ڕۆمانی مێژوویی و بەگشتی ڕۆمانەوە، جێی پرسیار و لێکۆڵینەوەیە. لەو وتارەدا هەوڵ دراوە ڕۆمانی مژابادی جان دۆست بەپێی تیۆریی جۆرج لووکاچ ـــ کە بە جۆرێک بناغەدانەری لێکدانەوەی ڕۆمانی مێژووییە ـ شرۆڤە بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە دوو چەمکی کەسایەتیی مامناوەند و گشتێتی لە ئەندێشەی جۆرج لووکاچدا وەک پێوەری لێکدانەوەکە بەکار هێنراوە و لە ئەنجامدا دەرکەوتووە نووسەر تا ڕادەیەک توانیویەتی هەم لە بواری داڕشتنی کەسایەتیی مامناوەندی جۆرەکیدا سەرکەوتوو بێت و هەم گێڕانەوەیەکی گشتگیری مێژوویی، سیلسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بخاتە ڕوو و چەمکی گشتێتییش مسۆگەر بکات، هەرچەند تەوەری گێڕانەوەکەی زیاتر سیاسییە، تاکوو کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی؛ واتە لێکدژیی چینایەتی و دیالێکتیکی ئابووری و پێگەیی کە مەبەستی لووکاچە، لەو کارەدا زۆر بەدی ناکرێت.

**وشە سەرەکییەکان: مژاباد، جان دۆست، ڕۆمانی مێژوویی، جۆرج لووکاچ، گشتێتی، کەسایەتیی جۆرەکیی مامناوەند.**

“

## ١ــ پێشەکی و ڕوونکردنەوەی پرس

ئەدەبیاتی هەر سەردەمێک لە هەموو بوارێکەوە نیشاندەری هەلومەرج و دۆخی ئەو سەردەمەیە؛ (محمدی و احمدیان، ١٤٠٢: ٣٤) واتە ئەدەبیات زمانحاڵی کۆمەڵگەیە و کارامەترین ڕێگەیە بۆ ناسین و ناساندنی بیر و هزر و شێوە ژیانی زاڵ بەسەر ئەو سەردەمەدا. لە چاخی کۆندا چەشنەکانی گێڕانەوەی ئەدەبی زیاتر لەخۆگری ئوستوورە و حەماسە و ڕۆمانس و گێڕانەوەی لەم چەشنە بووە و ئەم چەشنانە بەسەر دنیای گێڕانەوەدا زاڵ بوونە؛ بەڵام تا ڕادەیەک هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە دوای ڕێنیسانس و وەرچەرخان و گۆڕانی ئەندێشەی مرۆڤ لە ئەورووپادا، چەشنەکانی گێڕانەوەی ئەدەبی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاویان بە خۆیان بینی و دۆن کیشۆت وەک یەکەم گێڕانەوەی ئەدەبی دادەنرێت کە ئیتر نەدەچووە ناو ئەو گێڕانەوانەی پێشتر؛ هەر بۆیە نۆڤڵ، واتە ڕۆمان هاتە ئاراوە کە بە جۆرێک گوزارشتی لە نوێبوونی ئەم شێوە گێڕانەوەیە دەکرد. لەمەبەولاوە ڕۆمان بەگشتی بەسەر چەشنەکانی دیکەی ئەدەبیاتدا زاڵ بوو و خوێنەرانێکی زۆر زیاتری بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کاریگەرییەکی زیاتریشی لەسەر کۆمەڵگە دانا. هەڵبەت هەر لە ناو ژانرەکانی ڕۆمانیشدا، ڕۆمانی مێژوویی دواتر و لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا پەیدا بووە، بەڵام زۆر دواتر و لە سەدەی بیستدا ئەو بابەتە گەیشتووەتە کوردستان و کوردیش ڕۆمانی مێژوویی نووسیوە؛(Bochenska, 2014: 37) واتە بە پێچەوانەی ڕۆژاوا، ڕۆمان و بەتایبەت ڕۆمانی مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەی خۆرسک سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو وەکوو هەموو دیارییە مۆدێرنەکانی تری ڕۆژاوا، زۆر دواتر هاتووەتە ناوچەکەوە. وەک یەکەم ڕۆمانە مێژووییە کوردییەکان، دەتوانین ئاماژە بەوانە بکەین: خاتێ خانم لەلایەن عەلی عەبدوڕڕەحمان (١٩٥٦)، قەڵای دمدمی عەرەبێ شەمۆ و هەندێک لە بەرهەمەکانی محەممەد ئۆزون و دواتریش ڕۆماننووسانێکی وەک کامران و مەنسوور حامیدی، بەختیار عەلی، عەتا نەهایی، جان دۆست و هتد. (Ahmadzadeh, 2024: 112).

سەبارەت بە بەستێنی کۆمەڵایەتیی ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانی مێژوویی بەتایبەت لە کوردستاندا پێویستە ئاماژە بکرێت کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دابەشکردنی ناوچەکانی ژێردەستی ئەو دەسەڵاتە بەسەر وڵاتانێکی ساختە و بەبێ پێشینەی نەتەوایەتییەکی یەکگرتوو و ڕیشەدار، کوردستان بەسەر چەندین وڵات و دەوڵەت/نەتەوەی نوێدا دابەش کرا. هەر وەک ئاگاداریشین لە سیستەمی دەوڵەت/نەتەوەی مۆدێرنیشدا چەمکی

نەتەوە، گرنگییەکی یەکجار زۆری هەبووە و هەیە و بیچمگرتنی نەتەوەش، پێویستی بە شوناسی نەتەوایەتییە. شوناسی نەتەوایەتییش بەبێ مێژوویەکی هاوبەش و ڕوون و دیاریکراو بۆ خەڵکی ئەم نەتەوەیە، مانای نەبووە و نییە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە پێشتر، ئایین دەوری سەرەکیی بۆ یەکگرتووکردنی خەڵک گێڕابوو. لەو ناوەدا کوردیش کە ئێستا لەو دەسەڵاتە نوێیانەدا بووبوو بە کەمینەی نەتەوایەتی، هەستی دەکرد پێویستی بە گێڕانەوەی تایبەتی خۆی لە مێژووە، بۆ ئەوەی لەو قافڵەی دەوڵەت/نەتەوەیە دوا نەکەوێت. هەر بۆیە ڕۆماننووسە کوردەکانیش (شەمۆ ١٩١٧، سائیب ١٩٥٦) زۆر زوو بابەتی مێژوویان قۆستەوە و کردیان بە هەوێنی نووسینی ڕۆمانەکانیان، تاکوو هەستی بێولاتی و حاشالێکراویی شوناسی کوردی بە جۆرێک دامرکێنن و گرنگترین پرسی سەردەمی گەلەکەیان لەبیر نەکردبێت؛ بەڵام کێشە ئەوەیە ئەو قاڵبە نوێیە لەنێو کورددا زۆر باو نەبوو و نووسەرانی کورد هەر بە شێوەی گێڕانەوە کۆنەکان ڕۆمانیان دەنووسی و ماکەکانی ئەو جۆرە گێڕانەوە مۆدێرنە، واتە ڕۆمانی نوێ، زۆر بۆیان ئاشنا نەبوو، بۆ نموونە هەر وەک گێڕانەوەی بەیتەکان، کەسایەتییەکانیان زۆرتر ڕەش یان سپی دەخوڵقاند کە زۆرتر دەچووە خانی ئوستوورەوە تاکوو ڕۆمان؛ هەروەها مێژووشیان زۆرتر لە ڕوانگەی کەسایەتییەکانی چینی سەردەستەوە دەگێڕایەوە، تاکوو خەڵکانی جۆرەکی و مامناوەندی ناو کۆمەڵگە؛ هەر بۆیە پێداچوونەوەیەک بەسەر چۆنیەتیی خوڵقاندنی ڕۆمان بەپێی تیۆرییە سەرەکییەکانی ڕۆژئاوا، وەک ئاخێزگەی ئەو قاڵبە نوێیە، بە پێویست دێتە بەر چاو.

بێگومان بنیاتنەر و تیۆریدانەری سەرەکیی لێکدانەوەی ڕۆمانی مێژوویی کەسێک نییە جگە لە جۆرج لووکاچ[٢]. لووکاچ چەندین بەرهەمی لەسەر شیکردنەوەی ئەدەبی نووسیوە و بەتایبەت کتێبێکیشی بە ناوی ڕۆمانی مێژوویی هەیە و لەو کتێبەدا زۆر بەجوانی و بەڕوونی تیۆرییەکانی خۆی سەبارەت بە چییەتیی ڕۆمانی مێژوویی خستووەتە ڕوو و پێشینەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و پێوەرەکانی ئەو جۆرە ڕۆمانەی لێک داوەتەوە؛ هەر بۆیە بە مەبەستی لێکدانەوەی ڕۆمانی مێژوویی، بێگومان دانانی ئەو تیۆرییانەی لووکاچ وەک پێوەر و پێودانگ دەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ ئەوەی کە بزانرێت ڕۆمانی کوردی تا چ ڕادەیەک چووەتە خانی ڕۆمانەوە بەگشتی و ڕۆمانی مێژوویی بە تایبەت.

بێگومان یەکێک لە داهێنەرترین و بەرچاوترین ڕۆماننووسە مێژووییە کوردەکانیش کەسێک نییە جگە لە جان دۆست. یەکەم ڕۆمانی جان

دۆست، بە ناوی مژاباد (یان مژاوا) بە زمانی کوردیی کرمانجی نووسراوە و دوو وەرگێڕی سۆرانی زمان، فەرهاد چۆمانی (٢٠١٦) و سارا خەنشا(٢٠٢٤)، تا ئێستاکە وەریان گێڕاوەتەوە سەر سۆرانی. ئەو ڕۆمانە بە شێوەیەکی داهێنەرانە و بەرچاو، باسی ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەکردن و هەڵوەشانەوەی کۆماری کوردستان دەکات. بەم جۆرە ئامانجی ئەو توێژینەوەیە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی مژابادی جان دۆستە بە پێی تیۆرییەکانی جۆرج لووکاچ، تاکوو بزانین ئەو ڕۆمانە تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە و جان دۆست چەندە توانیویەتی ڕۆمانێکی مێژوویی مۆدێڕن بە کەسایەتیی جۆرەکیی مامناوەند و گشتێتییەوە بخوڵقێنێت. سەبارەت بە گرنگیی ئەو بابەتە پێویستە ئاماژە بکرێت کە ڕۆمانی مێژوویی پێویستە بەر لە هەموو شت ڕۆمان بێت؛ واتە کەسایەتییەکانی لە کەسایەتیی چەشنەکانی پێشووی گێڕانەوە، وەک حیماسە و ئوستوورە، دوور کەوتبێتەوە و بووبێتە کەسایەتیی ئاسایی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە بەشی هەرە زۆری ئەو مێژووەی کوردی کە کراوە بە ڕۆمان، باسی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ و زیاتر باسی سەدەی ڕابردووە، حەزێکی زۆر بۆ بەئوستوورەکردنی کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی کورد و سەروومرۆڤ نیشاندانیان هەیە؛ هەر بۆیە خودی ڕۆمانبوون یان نەبوونیان دەچێتە ژێر پرسیارەوە. جیا لەمەش، بابەتی گشتێتی کە لووکاچ باسی دەکات، پێوەرێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا ڕۆمان توانیویەتی مێژووی کۆمەڵایەتی زیندوو بکاتەوە، یان تەنیا لە ئاستی گێڕانەوەیەکی حەماسی و ئوستوورەییدا ماوەتەوە و لە بازنەی سیاسەت دەرنەچووە؛ چونکە بەهەرحاڵ بڕیارە ڕۆمانی مێژوویی ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەمێک بێت و خوێنەر بتوانێت لە ڕێی ئەو ڕۆمانەوە، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە بژیێتەوە، هەر بۆیە لەم وتارەدا هەوڵ دراوە ئەم دوو چەمکە لە ڕۆمانەکەدا هەڵسەنگێنرێت و دەربخرێت کە ئایا نووسەر توانیویەتی ڕۆمان بخوڵقێنێت و بارودۆخی ئەو سەردەمە بە جۆرێک بنوێنێتەوە کە خوێنەر دوای خوێندنەوەی هەست بکات ماوەیەک لەو سەردەمدا ژیاوە یان نا.

## ٢ـ بنەمای تیۆریکی ئەم توێژینەوەیە

بێگومان جۆرج لووکاچ وەک یەکێک لە یەکەمین و سەرەکیترین کەسانی تیۆریدانەر و شیکەرەوەی کلاسیک و جیدیی ڕۆمان لە ڕوانگەی فەلسەفی و کۆمەڵناسییەوە هەژمار دەکرێت کە هەوڵی دا لەنێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتە ئەدەبییەکان ئالوگۆڕ و دانوستانی

دوولایەنـــە پیشـــان بدات. (عســـگری حسنکلو، ١٣٨٧: ١) لووکاچ ، فیلسووف، نووسەر، ڕەخنەگری ئەدەبی و تیۆریدانەر و خەباتکاری کۆمۆنیستی هەنگاریی بەناوبانگی ســـەدەی بیســـتەم بوو کـــە خاوەنی کۆمەڵێـــک بەرهەم لە بـــواری تیۆریی مارکسیســـتیی جوانیناســـی بوو و دژی کۆنترۆڵـــی سیاســـیی هونەرمەندان بوو. (حاتمی، ١٣٩٨:٤٤) لـــووکاچ لە کتێبی ڕۆمانـــی مێژوویی‌دا واڵتێر ســـکۆت[٣] بە بنیاتنەری ڕۆمانی مێژوویی دەناســـێنێت (لـــوکاچ؛ ١٣٩٢: ١٥) و پێـــی وایـــە ڕۆمانەکانـــی پێش ئـــەو، زۆرتر دەچنە خانی حیماســـە، ڕۆمانـــس، چیرۆکی خەڵکی ڕەشـــۆکییەوە. بە بڕوای لووکاچ ڕوون نییـــە ئەو جیهانـــەی ڕۆمانەکانی پێش ســـکۆت باســـی دەکەن لە کوێوە هاتـــووە و چـــۆن پەرەی ســـەندووە و گەیشـــتووەتە ئـــەو کاتە و لـــە فۆرم و پێکهاتـــەی چیرۆکەکانـــدا ئـــەو بابەتە ڕەچاو نەکـــراوە. (لـــوکاچ؛ ١٣٩٢: ١۶) بێگومـــان ســـەرهەڵدانی ئـــەو ژانرەش پێوەندیـــی لەگـــەڵ ڕەوش و دۆخـــی ســـەردەمی خۆی بـــووە و وەک لووکاچ باس دەکات ســـکۆت هەوڵی داوە شـــەڕ و پێکدادانەکانـــی مێـــژوو بـــە یارمەتیی کەســـایەتییەکان بنوێنێتـــەوە. ئـــەو کەســـایەتییانەش نوێنـــەری بۆچوونی لایەنـــە کۆمەڵایەتییـــەکان و هێـــزە مێژووییەکانـــن. لووکاچ بـــاوەڕی وایە نواندنـــەوەی ســـەردەمێکی مێژوویـــی لەڕێـــی ڕۆمانـــی مێژووییـــەوە و لە ڕوانگە و بۆچوونی نوێنـــەرە مەزنەکانی ئەو ســـەردەمانەوە ڕوون ناکرێتـــەوە، چونکە ئـــەوان هەرگیـــز ناتوانن ڕوخســـاری ناوەندیی کـــردەوە و ڕووداوەکان بن؛ واتە نواندنەوەی گشـــتگیر و چەند ڕەهەندیی دۆخ و جیهانی هەر ســـەردەمێک، تەنیا لەڕێـــی وێناکردنـــی ژیانـــی ڕۆژانەی مرۆڤـــە ئاســـایی و مامناوەنـــدەکان، خـــەم و نارەحەتییەکانیـــان و قەیران و سەرلێشـــێواوییەکانیان دەکرێـــت بێتە ڕوو و بـــە چاو ببینرێـــت و وێنا بکرێت. (لـــوکاچ، ١٣٩٢: ۴٧)

بـــە بۆچوونـــی لـــووکاچ، ڕۆمانی مێژوویـــی درێـــژەی ڕاســـتەوخۆی ڕۆمانـــە کۆمەڵایەتییـــە ڕیئاڵیســـتییە گرنگەکانـــی ســـەدەی هەژدەیـــە و لە کتێبی ڕۆمانی مێژووییدا (١٣٨٨) زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویـــی ڕۆمانی مێژوویی لێـــک دەداتـــەوە و پێی وایـــە ڕۆمانی مێژوویی کلاســـیک بـــۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆمانتیســـیزم هاتووەتـــە ئاراوە. (لـــوکاچ؛ ١٣٨٨: ٩٩) هەڵبـــەت لـــەو کتێبـــەدا باس لـــە ململانێـــی نێوان ڕۆمان و حەماســـەش دەکات و دەڵێت: «هەرچـــی دابەشـــکاریی کار، ئاڵۆزتر و وردتر بووەتـــەوە، پێوەندیی کۆمەڵایەتی لـــە کۆمەڵگـــە چینایەتییەکانـــدا لە لایـــەک و بابەتـــی گشـــتی و تایبەتی ناو خـــودی ژیانیش لـــە لایەکی ترەوە، لێـــک دادەبڕێـــن. ئەدەبیاتیـــش وەک ڕەنگدانـــەوەی ژیـــان، چارەیەکی تری جگە لـــە بەرهەمهێنانـــەوەی ئەو ڕەوتە نییە». (لووکاچ، ١٣٨٨: ٢٠۵) ســـکۆت ڕێگە دەدات گرنگترین کەســـایەتییەکانی

نـــاو ڕۆمانەکانی لەناخی ئەو ســـەردەمە مێژووییـــەدا گەشـــە بکـــەن و بـــە پێچەوانەی قارەمانپەرســـتانی ڕۆمانتیک، هەرگیـــز ســـەردەمی مێژوویـــی لـــە ڕوانگە و هەڵوێســـتی نوێنـــەرە گەورە و بەناوبانگەکانـــەوە ناگێڕێتەوە.

وەک لـــووکاچ بـــاس دەکات، بابەتی ســـەرەکیی ڕۆمـــان، کۆمەڵگەیـــە؛ واتـــە ژیانـــی کۆمەڵایەتیـــی مرۆڤ و مامەڵەکردنـــی بێپســـانەوەی لەگـــەڵ سروشـــتی دەوروبـــەری کـــە بنەمای چالاکییـــە کۆمەڵایەتییەکانییەتـــی و هەروەهـــا هەڵســـوکەوتی لەگـــەڵ دامـــەزراوەکان یان نەریتـــە جیاوازەکان کە ناونجیـــی پێوەندییەکانـــی خەڵکن لە ژیانی کۆمەڵایەتیـــدا. (لوکاچ، ١٣٨٨: ٢١٤) لـــە چوارچێـــوەی بیرکردنەوەی لووکاچـــدا، کۆمەڵگـــە بـــە ناوبژیوانیی لێکدژییـــە کۆمەڵایەتییەکان و لە بیچمی تیپەکانی ناو ڕۆمانـــدا دەخوڵقێندرێنەوە. ئـــەو پێی وایە گرنگیی ڕۆمـــان لەوەدایە کـــە ئـــەو گشـــتێتییە بخوڵقێنێتەوە کـــە بەهـــۆی ڕەوتـــی بەکالابـــوون و ئەتۆمیزەبوونی خەڵکانـــی ناو کۆمەڵگە و هاتنەئارای وەســـفکردنی سروشتگەرایانە بەجێـــی گێرانەوە، ئیتـــر بەروونی نایەتە بەرچـــاو. ڕۆمـــان لە ڕێـــی نواندنەوە و سازدانەوەی بۆچوون و دژبەرییەکان و بە خوڵقاندنی کەســـایەتیگەلێکی جۆرەکی کـــە نوێنەری چینـــە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو کێشـــە و دژبەرییـــە مێژووییانە بوونە، کۆیەتی و گشـــتێتیی ئەو مێژووە بەرهـــەم دێنێتـــەوە و دەیگێڕێتـــەوە.

ڕەوتی دابەشـــکردنی کار و لێکدابڕان و جیابوونـــەوەی بەردەوامـــی کۆمەڵگەی مۆدێرن، بووەتە هـــۆی ئاڵۆزتربوونەوەی یەکجـــار زۆری پێوەندییەکانـــی نێوان تایبەتمەندییـــە دەروونییەکانی خەڵک و هەلومەرجی کۆمەڵایەتـــی و ئابووریيان. (خالق پنـــاه و ناصـــری، ١٣٩٦: ١٣۶) لووکاچ لەســـەر ئەو بـــاوەڕە بوو ڕۆمانی مێژوویی بە پێچەوانەی مێژوونووســـیی زانســـتی، دەتوانێت کۆیەتی و گشتێتیی ســـەردەمێکی مێژوویـــی دیاریکـــراو بنوێنێتـــەوە. کاری ڕۆمانـــی مێژوویی ئەوە نییـــە تەنیـــا ڕووداوە گرنگەکانی مێـــژوو بـــەدوای یەکدا ڕیـــز بکات و بگێڕێتـــەوە، بەڵکوو ســـەرجەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتـــی، لێکدژییـــەکان و ژیانی ئاســـاییی خەڵکـــی ئاســـاییش لـــە کۆیەکی زینـــدوودا دەخاتـــە ڕوو و بە زمانێکـــی ئەدەبـــی و هونەرمەندانـــە خوێنەر دەباتـــە ناخی ئەو ســـەردەمە مێژووییەوە و هەموو هەســـتەکانی تێ وەردەدات. لە ڕاســـتیدا ڕۆمانی مێژوویی لەڕێی هونـــەر و خەیاڵـــەوە دەتوانێت ڕۆحـــی زاڵ بەســـەر ســـەردەمێکی مێژوویـــدا و کرۆکـــی حەقیقەتی مێژوو بدۆزێتەوە و ئاراســـتەی مێشک و هەستی خوێنەرانـــی بکات. (لـــوکاچ، ١٣٨٨: ٨) لووکاچ لـــە کتێبی ڕۆمانـــی مێژووییدا داکۆکی دەکاتـــەوە کـــە ئامانجی ئەو، نووســـینەوەی مێـــژووی ئەدەبیات نییە، بەڵکـــوو دەیەوێت بزانێـــت کاریگەریی دوولایەنـــەی ڕۆحی مێژوو و ســـەردەم لەســـەر ئەدەبیات چۆنە و ئایا ئەدەبیات

توانیویەتـــی ببێتە ئاوێنـــەی باڵانوێنی ئاگامەندیـــی مرۆڤی ئەو ســـەردەمە لە ڕەوشـــی ســـەردەمی خۆی و ڕۆحی ئەو ســـەردەمە مێژووییـــە بژیێنێتەوە؛ بە ڕای ئـــەو، ئـــەو کارەش تەنیـــا لەڕێی ئەدەبیاتی ڕیئاڵیســـتییەوە دەگونجێت و دەکرێت. لـــە کتێبـــی "توێژینەوەیەک لەســـەر ڕیئاڵیزمی ئەورووپی"ـــدا باس لـــە چەمکـــی کەلەڕیئاڵیـــزم دەکات و پێی وایـــە ڕۆمانی مێژوویی بەشـــێکە لەو ڕەوتە. ئەو بەرهەمی نووســـەرانێکی بەناوبانگـــی وەک باڵزاک[۴]، تۆڵســـتۆی[۵]، ئێمیل زۆلا[۶] و هتـــد، وەک نموونەی ئەو جۆرە ڕیئاڵیزمە دەزانێت و دەناســـێنێت. بە ڕای ئـــەو، پێشـــەنگەکانی ئەو جۆرە ڕیئاڵیزمـــە، پێشـــەنگی ڕاســـتەقینەی ئازادیـــی خەڵکـــی جیهانـــن. (لوکاچ، ۱۳۸۷: ۲۸)

یەکێک لە چەمکە ســـەرەکییەکانی لووکاچ، چەمکـــی قارەمانی پرۆبلێماتیکە؛ بـــە ڕای ئەو قارەمانـــی ڕۆمانی مێژوویی ناکرێـــت کەســـێکی ئاوارتـــە، یـــان حەماسی و ســـەروومرۆڤانە بێت، بەڵکوو دەبێت کەســـێکی مامناوەند و ئاســـایی بێـــت، تاکـــوو لێکدژی و کێشـــەکانی ســـەردەمی خۆی لە ناخیدا هەست پێ بکات. (لـــوکاچ، ۱۳۸۸: ۲۰۰) ئەو جۆرە کەســـایەتییانە، دەوری ناونجییەکیـــان هەیـــە، بۆ ئـــەوەی خوێنـــەر بتوانێت لەڕێـــی ئەزموونەکانی ژیانـــی ئەوانەوە، کۆی کۆمەڵگە و هێـــزە مێژووییەکانی بناســـێت و پێوەندییـــان لەگەڵ بگرێت. (لـــوکاچ، ۱۳۷۹: ۷۰) ڕەنگـــە قارەمانی حەماســـە، شـــەڕی لەگـــەڵ دوژمنە دەرەکییـــەکان بێت، بـــەڵام قارەمانی ڕۆمان، بـــەدوای ئەوەوەیـــە مانایەک بۆ ژیانی خۆی دابین بـــکات؛ مانایەک کە دوای لەناوچوونـــی بەهاکانی پێشـــتری کۆمەڵگە، ئێســـتا ناچارە دەســـتەبەری بـــکات تاکوو ببێتـــە بیانـــووی ژیانی. (لـــوکاچ، ۱۳۹۲: ۱۶ و ۵۲) بـــە ڕای لـــووکاچ تایبەتمەندیـــی جۆرەکیـــی کەســـایەتیی ڕۆمانی مێژوویی وردەوردە دێتە دی و بە شـــێوەی قۆنـــاغ بە قۆناغ لە کۆی گشـــتیی کۆمەڵگە و پێوەندیی ئاڵـــۆزی مرۆڤـــەکان، دامـــەزراوەکان، کەرەستەکان و هتد، ســـەر هەڵدەدات. "ئەوەی وردبوونەوەیەکی زیاتر لەســـەر جۆرەکیبوونی کەســـایەتی دەخەملێنێت و داکۆکییەکی زیاتری لەســـەر چـــێ دەکات، ڕێک هـــەر ئـــەو پانتاییـــەی بەرینی ڕۆمانەکەیـــە؛ ئەو ڕاســـتییە کە ئامانجی بنەمایی ئـــەو ڕۆمانە، هەمان گەشـــەکردن و گۆڕانـــی پلە بە پلەی کەســـایەتییە. (لوکاچ، ۱۳۸۸: ۲۱۳) بـــەم جـــۆرە قارەمانـــی مامناوەنـــدی ڕۆمانـــی مێژوویی، ڕێک وەک گەیێنەرێکـــی ناونجیـــی لێ دێت کە ئەوپـــەڕی دژبەریی هێـــزە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان لەودا وەک بوونەوەرێکی جۆرەکی کۆ بوونەتەوە. ئەو کەســـایەتییە لەڕێی چێکردنـــەوە و نواندنـــەوەی ئەو شـــتانەی لـــە ژیانـــی ڕۆژانەیـــدا ڕوو دەدەن و ڕووبەڕووبوونـــەوەی لەگەڵ ئەو دژایەتییانەی لەنێوان ســـەروویترین و خوارووییترین چینـــە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێتە شـــوێنی مامناوەندی کۆبوونەوەی

ئەو دژبەریيانە و هەڵگەری جووڵەی مێژوویی کۆمەڵگە. هەڵبەت پێویست ناکات کەسایەتیی مامناوەند هەر لە چینی ناوەڕاستەوە هەڵکەوتبێت، هەرچەند ڕەنگە واش بێت و کێشەیەک لەوەدا نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە نواندنەوەی ژیانەکە دەبێت نواندنەوەی ژیانی ئاسایی بێت و هەموو کەلێنوکولێنەکانی ئەو ژیانە بگرێتەوە، نەک تەنیا لە دیوەخانی پاشا و دەسەڵاتداران و بڕیارە سیاسییەکانی ئەوان، بۆ ئەوەی ڕۆحی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی ئەو سەردەمە لە ڕۆماندا هەست پێ بکرێت و خوێنەر بەتەواوی هەست بکات بە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە، خۆی ئەو سەردەمە ژیاوە. (لوکاچ، ١٣٨٨: ٤٤٣)

## ٣ـ شێوازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە خانی توێژینەوەی چۆنیەتی و لە شێوازی شیکاریی دەق کەڵک وەردەگرێت و دەیەوێت بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵناسانەی دەقی ڕۆمانێکی کوردی، بیردۆزەکانی لووکاچ وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی مژاباد دابنێت و بەپێی ئەوانە دیاریی بکات ئەو ڕۆمانە مێژووییە تا چ ڕادەیەک توانیویەتی بکەوێتە خانی گێڕانەوەی ڕۆمانی مێژوویی مۆدێرنەوە؛ بۆ ئەو مەبەستە گرنگترین چەمکەکانی ناو ڕۆمانەکە لە دەقەکەدا دەرکێشراون و دواتر هەوڵ دراوە دوو چەمکی کەسایەتیی جۆرەکیی مامناوەند و گشتێتی تێیدا لێک بدرێتەوە. چۆنیەتیی دەرکێشانی چەمکەکان لە ڕۆمانەکە بەم جۆرە بووە کە سەرەتا ڕۆمانەکە ڕستە بە ڕستە خوێندراوەتەوە و بابەتەکەیان دیاری کراوە. ئەنجا سەرنج دراوە کە ئەم بابەتانە زۆرتر دەکەونە خانی کامە چەمکەوە و چۆن دەکرێت پۆلێنبەندی بکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەمە لەبەر چاو گیراوە کە ڕۆمانەکە گرنگیی بە کام بوار و تەوەرەکان داوە و زیاتر مانۆڕی لەسەر چی داوە؛ بۆ نموونە، نووسەر هەوڵێکی زۆری داوە کە بیسەلمێنێت ڕووداوی کۆمار، پێشینەیەکی خەباتی چەکداری و سیاسیی تۆکمەی لە هەموو پارچەکانی تر لەپشتە. یان ئەوەی هەوڵی داوە دەریبخات کە لە کۆمەڵگەدا بەردەوام باس باسی سیاسەتە و لە قاوەخانە و مەیخانە و بازاڕ و هەموو شوێنێک ئەو بابەتە نوقڵ و نەقڵی مەجلیسانە. بۆیە لە دابەشکردنی وتەزاکاندا هەوڵ دراوە واقیعی ڕۆمانەکە و داکۆکیی ئەو لەسەر چەمکەکان لەبەر چاو بگیرێت، بۆ ئەوەی دواتر زێدەڕۆیی، یان کەمڕۆییی کارەکە دەرکەوێت. بەم جۆرە هەوڵ دراوە ئاستی گشتێتیی ڕۆمانەکە هەڵسەنگێنرێت و دەرکەوێت کە نووسەر چەندە توانیویەتی ئەو ئامانجە دەستەبەر بکات، یان نەکات.

سەبارەت بە کەسایەتیی مامناوەندیش،

هـــەوڵ دراوە کەســـایەتییەکان بە دوو بەشـــی خەیاڵکرد و ڕاســـتەقینە دابەش بکرێـــن و دواتر چۆنیەتیی باســـکردنی ڕۆمـــان لـــە کەســـایەتییەکان لێـــک بدرێتەوە کە ئایا ڕۆمان کەسایەتییەکانی بردووەتە ئاستی ئوســـتوورە و حەماسە، یان وەک کەســـایەتیی ئاســـایی باسی کـــردوون و شـــوێنی بـــۆ ڕەخنـــەش لەســـەریان هێشـــتووەتەوە. هەروەهـــا هـــەوڵ دراوە بزانرێت کە ئایا نووســـەر کەســـایەتییەکانی بە شـــێوەی تایبەت خوڵقانـــدووە، یـــان جۆرەکـــی. بـــۆ نموونـــە، ئایا نووســـەر هاتووە باســـی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی کەســـەکان بکات و ڕواڵـــەت و چۆنیەتیی تایبەتیان وێنا بـــکات، یاخـــود هەر لە ئاســـتی جۆرەکیـــدا هێشـــتوونییەتەوە و خوێنەر ناتوانێـــت لـــە مێشـــکیدا وێنەیەکیان لێ داڕێژێـــت و بیهێنێتە بـــەر چاوی. بەگشـــتی لـــە بەشـــی لێکدانـــەوەی توێژینەوەکـــەدا ســـەرەتا کورتەیـــەک لە ڕۆمانەکـــە دەگێڕدرێتـــەوە و دواتر کورتەیەکیش لەســـەر ڕووداوەکانی ئەو ســـەردەمەی ڕۆمانەکە باســـی دەکات دەخرێتـــە ڕوو. لە هەنگاوی ســـێیەمدا گرنگتریـــن چەمکەکانی نـــاو ڕۆمانەکە دەردەکێشـــرێن و چەمکی کەسایەتیی مامناوەند و گشـــتێتی لـــە ڕۆمانەکەدا لێـــک دەدرێنەوە.

## ٤ــ کورتەیەک لە مژاباد و پێکهاتەکەی

گرنگترین ئەرکی ڕۆمـــان وەک لووکاچ دەڵێـــت ئەوەیـــە کـــە ئاوێنەیەکـــی باڵانوێـــن بێـــت بـــۆ ئـــەوەی ڕۆحی جیهانـــی ڕابردوومـــان بـــۆ زینـــدوو بکاتـــەوە و بیهێنێتـــە بـــەر چاومان؛ واتـــە دەبێـــت دوای خوێندنـــەوەی ئـــەو ڕۆمانـــی مێژووییە، بەشـــێک لە ڕاســـتییەکانمان بـــۆ ڕوون بێتەوە کە بووەتـــە هۆی ئـــەوەی ئێســـتاکە بەم جۆرە بێت کـــە هەیە. ڕۆمانـــی مژاباد باسی ســـەردەمی کۆماری کوردستان و بەتایبەت خودی ڕەوتی ســـەرهەڵدان و پەرەســـەندن و دواتر هەرەسهێنانی هەر ئەو کۆمـــارە دەکات. بۆ ئەوەی باشـــتر لەگـــەڵ ڕۆمانەکـــە پێوەنـــدی بگرین پێویســـتە کورتەیەک لەو ڕۆمانە لێرەدا بگێڕدرێتەوە، تاکوو خوێنـــەر بزانێت چ باســـە و پێوەندیی لەگـــەڵ بگرێت.

ئەم ڕۆمانە باســـی ڕەوتـــی کەمتر لە یەک ســـاڵەی کۆماری کوردســـتانە لە شـــاری مهابـــادە کە لە زمانـــی یەکەم کەســـەوە دەگێڕدرێتەوە و ئەو کەسەش یەکێک لە شـــەڕڤانانی بارزانییە بە ناوی بادین ئامێدی و خەڵکی شـــاری ئامێدە. ئەو هەر لە ســـەرەتای کۆمـــارەوە وەک شـــەڕڤانی بارزانی دێتـــە مهاباد و لەوێ دەبێتە مامۆســـتای خوێندنـــگا. بادین هەر چەند شـــەو جارێک دادەنیشـــێت و بیرەوەرییەکانی خۆی دەنووســـێتەوە و بەم جۆرە خوێنەر لەگەڵ ڕابـــردووی ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاســـی و فەرهەنگییەی کە بووەتە هۆی گەیشـــتن بـــە ڕووداوی کۆمار و بە جۆرێـــک دوایین ئاڵقەی زنجیری ســـەرهەڵدانەکانی کوردە، ئاشنا دەبین.

بادیـــن وەک خۆی دەڵێـــت دەیەوێت بە نووســـین بەرگری لـــە مردنی خۆی بـــکات. هـــاوکات بادین کـــە هەر لە ســـەرەتای کۆمارەوە لە مهابـــادە، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووداوەکانـــی کۆمار و چۆنیەتیی بیرکردنـــەوەی خەڵک و بەشـــداربووانی ئـــەو بابەتەمـــان بـــۆ دەگێڕێتـــەوە. کەوابـــوو دوو هێڵـــی گێڕانەوەمـــان هەیـــە: یەکیـــان ژیانـــی ڕابـــردووی بادیـــن و هاوڕێکانـــی کە بـــە جۆرێک پێشینەی مێژوویی ســـەرهەڵدانی ئەو ڕووداوەمان پێ نیشـــان دەدات و لەپاڵ ئەوە، خۆشەویســـتیکردنەکانی پێشووی بادینیش دەناســـێنێت. هێڵی دووەمیش، گێڕانەوەی ئێســـتاکەیە کـــە بادین لەو شـــارەدا دەژییێت و ڕۆژ بە ڕۆژ گوزارشت لە دۆخی کۆمـــار دەکات تـــا کۆتایی. هەڵبەت لە کۆتاییـــی ڕۆمانەکەدا زمانی گێڕانـــەوە دەگۆڕێت بـــۆ دووەم کەس و ســـێیەم کەس کە نیشـــان دەدات بە جۆرێـــک بادین لـــە قەپیلکـــی خۆی چووەتە دەرەوە و ڕووداوەکان لە ســـەرەوە دەبینێت و دەگێڕێتەوە و هەرەســـهێنانی خۆی و کۆمـــار پێکەوە گـــرێ دەدات؛ لەگەڵ ئەوەدا کۆتاییەکی کراوەشـــمان هەیە کـــە دەریدەخـــات ئـــەو ڕەوتە مێژووییە هـــەروا بـــەردەوام دەبێت و ئەگەری هەیە لـــە داهاتوودا دیســـان ببێتـــە هەوێنـــی ســـەرهەڵدانێکی تر. نووسەر بۆ گشـــتگیرکردنی گێڕانەوەکەی خـــۆی کەســـایەتیگەلێکی زۆری هەم ڕاســـتەقینە و هـــەم جۆرەکـــی وەک هـــاوڕێ و دۆســـت و ئاشـــنای بادین دێنێتە نێـــو ڕۆمانەوە کە هـــەر کامیان نوێنـــەری چین و توێژ، یـــان بەرەیەکی کۆمەڵایەتـــی و سیاســـین و بەم جۆرە گێڕانەوەکەی خـــۆی دەوڵەمەندتر دەکات و وێنەیەکـــی گشـــتگیر و هەمەلایەنەمان لـــە ڕەوتـــی سیاســـی و کۆمەڵایەتی و مێژوویـــی کۆمار بـــۆ دەخاتە ڕوو.

جیـــا لەمانەش، نووســـەر بە ســـێ بابەتی دیکە لایەنـــی ئەدەبی و هونەریی کارەکـــەی یەکجـــار دەوڵەمەندتـــر دەکاتـــەوە؛ یەکیـــان هێماگەلێکی وەک ئاو، با، خەنە، مژابـــاد (مهاباد)، چوارچرا (چـــوار پاژی ڕۆمانەکـــە)، خەنە، تووتن، گوریس، قـــۆدکا و... کە هـــەرکام لەو هێمایانـــە کارکردی تایبەتـــی خۆیان هەیە. هەڵبـــەت کەســـایەتییەکانیش جاری وایە هێماییین، وەک کەســـایەتیی ئەمیرالئاغـــا یان قوتـــووی تووتنەکەی باوکـــی (یونس) کە قـــەت تووتنەکەی تـــەواو نابێت و دەســـت بە دەســـت پێی دەگاتـــەوە و هەمیشـــە لەگەڵیدا دەمێنێتـــەوە ئـــەم ڕۆمانە تا ئاســـتی ڕیئالیزمـــی جادوویـــی دەبەنە ســـەر. دووەم فەزاســـازی و تەوسیفی شاعیرانە کـــە تـــا ڕادەیـــەک دەکرێـــت بڵێین زێدەڕۆییشـــی تێدا دەکرێت. ســـێیەم باســـی ئەویننداری و خوشەویستییەکانی ژیانـــی بادین کە هـــەر هەموویان ڕێک وەک کۆمارەکـــە بـــە بێهیوایی و ناکامی کۆتاییـــان پێ دێـــت و بـــەم جۆرە نووسەر لایەنی ســـۆزدارانەی کارەکەشی دەوڵەمەندتـــر دەکاتەوە.

## ٥ـ کورتەیەک لە ڕووداوی کۆماری کوردستان[7]

بابەتی کۆماری کوردستان یەکێک لە ڕووداوە گرینگ و بەناوبانگەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستانە کە سەدان و بگرە هەزاران کتێب و وتاری تا ئێستا لەسەر نووسراوە و بەهۆی نزیکبوونی لە سەردەمی ئێستاکە، زانیارییەکی زۆرمان لەسەری هەیە. ئەو کۆمارە ڕۆژی ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ی زایینی (٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤) لە مهاباد دامەزرا و ١٥ی دیسەمبەری ١٩٤٦ (٢٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥) هەڵوەشێنرایەوە. کەشی سیاسیی ئەو کاتە بەم جۆرە بوو کە لە لایەک وڵاتی ئێران بە بیانووی لایەنگریکردنی دەسەڵاتەکەی لە ئەڵمانیا، لەلایەن بریتانیا و ڕووسیاوە داگیر دەکرێت و هێزەکانی ڕووسیا لە باکوورەوە و بریتانیا لە باشوورەوە دێنە نێو ئێرانەوە و بە جۆرێک ناوچەی کوردستان و ئازەربایجان بەبێ دەوڵەت و دەسەڵات دەمێنێتەوە. دوو حیزبی سوسیالیستییش لە ئازەربایجان و کوردستان (حیزبی دیموکرات) لەلایەن ڕووسیاوە چرای سەوزیان پیشان دەدرێت کە بتوانن دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوچەیی پێک بێنن. لە لایەکی تریشەوە کوردستان بەگشتی لە هەموو پارچەکانی خۆیدا پێشتریش ژیلەمۆی سەرهەڵدان و داوای سەربەخۆییکردنی تێدا هەبووە و هەر جار نا جارێک گەشاوەتەوە و گڕێکی خستووەتە گیانی ناوچەکەوە. بۆ نموونە هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیست ساڵ پێش کۆمار، شۆڕشی سمایل ئاغای سمکۆ سەری هەڵدابوو و سەرکوت کرابوو. بەو هۆیە کۆمەڵگای کوردستان کە دوای سایکس /پیکۆ هەستی دەکرد زیادە لە نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنیا ئەو سەری بێ کڵاو ماوەتەوە و دەسەڵاتی پێ نەدراوە، بەردەوام چاوەڕێی دەرفەتێک بوو بۆ سەرهەڵدان و بەڕێوەبردنی خۆی و بەدەستی خۆی؛ ئەو بۆشاییی دەسەڵاتەش دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند کە کۆماری کوردستان بە ناوەندێتیی شاری مهاباد ڕابگەیەنرێت؛ بەڵام دوای ئەوەی دەوڵەتی ئێران ناچار و پێمل دەکرێت بە دانی ئیمتیاز بە ڕووسیا و گرێبەستی قەوام/سادچیکۆف واژۆ دەکرێت، دوای کەمتر لە یەک ساڵ دەسەڵاتداری، ئەم دوو کۆمارەی ئازەربایجان و کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕووسیا پێشتر هێزەکانی خۆی لە باکووری ئێران بردووەتە دەر و هەلومەرجی سەرکوتی بۆ دەوڵەتی ئێران ڕەخساندبوو. هەڵبەت گێڕانەوەکان لێکدژیان زۆرە و هەندێک کاری قازی محەمەد، وەک سەرۆک و ڕێبەری کۆمار و هەندێک پێشەوەری وەک ڕێبەری ئازەربایجان و هەندێکیش دەسەڵاتی ئێران وەک

کارێکـــی قارەمانانـــە نـــاو دەبەن کە بێگومـــان لـــە گێڕانـــەوەی کورددا قازی محەممـــەد قارەمانی ســـەرەکییە و خـــۆی کـــردە قوربانیـــی گەلەکەی و نەیهێشـــت وەک ئازەربایجـــان، لـــە کوردســـتانیش خوێـــن بڕێژرێـــت و ڕەشـــەکوژی بکرێت. لـــە ڕەوتی ئەو کۆمـــارەدا هێزەکانـــی مەلا مســـتەفا بارزانییـــش وەک هێـــزی چەکـــدار بەشـــدار بوون کە دوای هەڵوەشانەوە و خۆڕادەســـتکردنی قازی، دەگەڕێنەوە باشـــوور. جیا لەوەش ســـەرچاوەکان بـــاس لـــە خەیانەتـــی هەندێک لە عەشـــیرە کوردییەکانیـــش دەکەن کە بەهەرحـــاڵ چونکە ئـــەو گێڕانەوانە و پشتڕاســـتکردنەوە یان نەکردنەوەیان، ئەرک و کاری ئـــەو توێژینەوەیە نییە، پێویســـت ناکات لەســـەری بدوێین و هیـــچ پێداگرییەک بۆ بەڕاســـتدانانی هیـــچ گێڕانەوەیەک لە ئـــارادا بکەین، بەڵکـــوو تەنیـــا مەبەســـت ئەوەیە کە کۆی ڕووداوەکە بە شـــێوەی گشـــتی بێتە بـــەر باس بـــۆ ئـــەوەی بزانین ڕۆمانەکـــە باســـی چـــی دەکات و بتوانین شـــیی بکەینـــەوە، دەنا کاری ئێمە لێـــرەدا مێژوونووســـی نییە.

## ٦ـ لێکدانەوە

بـــۆ لێکدانـــەوەی ئـــەم ڕۆمانـــە و بەتایبەت بۆ ئـــەوەی بزانین نووســـەر تا چ ڕادەیەک توانیویەتی کەســـایەتیی مامناوەنـــد بخوڵقێنێت لێرەدا ســـەرەتا کەســـایەتییەکانی ڕۆمـــان بەوردی باس دەکرێـــن و لێـــک دەدرێنەوە.

### ٦ ـ ١ کەسایەتییەکان

بەگشـــتی کەســـایەتییەکانی ئەو ڕۆمانە دوو دەستەن: کەســـایەتیی خەیاڵکرد و کەسایەتیی ڕاســـتەقینە. لە کەسایەتییە داســـتانییە خەیاڵکردەکاندا یەکەم کەس خودی بادینە کە کەســـایەتیی سەرەکی و گێـــڕەوەری چیرۆکەکەیە. ئـــەو منداڵی یۆنســـی کوردی موســـڵمان و هامێستی ئەرمەنییە. هامێســـتی دایکـــی لەگەڵ هێنانەدنیای بادیندا دەمرێت و لەســـەر منداڵ دەچێـــت. لێـــرەدا ڕەچەڵەک و پێشـــینەی گێڕەوەر بـــە دوو زمانی و دوو قەومیبـــوون، دەوڵەمەنـــد دەکرێت بۆ ئـــەوەی بتوانێـــت نوێنەرایەتییەکی دەوڵەمەندتـــری بۆ گێڕانـــەوە هەبێت.

هەڵبـــەت نووســـەر هـــەر بـــەوە ڕاناوەســـتێت و پێشـــینەی بنەماڵەیی بادین زۆر دوورتر دەباتەوە و دەگێڕێتەوە. بـــاس لە یۆنســـی باوکـــی دەکات کە "چەکی مارتینی لە شـــاندا و خوێنێک وەک زەردەپەڕ لـــە هەنیەیەوە دەتکێتە خوارەوە، ڕووی تێ دەکات [ڕوو لە بادین دەکات] و دەڵێـــت ئێمە لـــە برینێکدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبینەوە!" (دۆســـت: ١٠) نووســـەر بـــەم جـــۆرە چیرۆکی ژیانی یۆنس دێنێتە نێـــو گێڕانەوەکەی و بەتایبەت لـــە زمان داپیـــرەی بادینەوە حەول دەدات یەکێـــک لەو جۆگەلانەی دواتـــر ڕووباری کۆماریـــان پێک هێناوە بگێڕێتـــەوە و بیهێنێتە بەر بـــاس. یۆنس و

ڕەمـــۆی هاوڕێی، وەک دوو شـــەڕڤانی شۆڕشـــەکەی شـــێخ مەحموود لە شەڕ دژی ئینگلیزییەکاندا بەشـــدارن و یۆنس لەو شـــەڕەدا دەکوژرێت.

کەسایەتییەکی زۆر بەرچاوی تر، نۆباری وێنەگرە کـــە هەمان باپیـــرە ئەنترانیکی بادین و بابی هامێســـتی دایکییەتی. نۆبار کە لـــەو ڕۆمانـــەدا زۆرتـــر وەک باپیرە نێوی دێـــت، دەورێکی یەکجـــار بەرچاو لە بەرەوپێشـــبردنی ڕۆمانـــدا دەگێڕێت. باپیرە کەســـایەتییەکی یەکجار دنیادیدە و بەئەزموونە کە ئێســـتاکە لە ســـەردەمی پیریی خۆیدایە و بووەتە کەســـایەتییەکی سەروونەتەوەیی و ســـەرووئایینی. (هەمان: ١٢٤ و ١٢٦) ئەو پێشـــینەی ئەوەی بووە لە شەڕی ئەرمەنەکان و ڕووسەکان لەگەڵ عوســـمانییەکاندا بەشـــدار بێت و تەنانەت دوای ونبوونی هامێســـتی کچی، دەستی لە کوشـــتنی موســـڵمانانی کوردیشـــدا دەبێـــت. (هەمان: ٧٠) بەشـــێکی زۆر لە پێشـــینەی کۆماریـــش هەر لـــە زمانی باپیـــرەوە دەگێڕدرێتەوە کە نووســـەر بەم جۆرە توانیویەتـــی گێڕانەوەکەی یەکجار دەوڵەمەندتـــر بکاتـــەوە. لـــە درێژەی ڕۆمانەکـــەدا باپیرە بە جۆرێـــک دەبێتە پیری تەریقەتـــی بادین و بـــەردەوام لە کانیـــاوی زانیـــاری و ئەزموونەکانی خۆی پێی دەبەخشـــێت.

وەک کەســـایەتیی دیکەش، دەکرێت ئامـــاژە بـــە ئاگۆپی ئەرمەنیـــی خاوەن مەیخانە و ســـوڵتانی جوولەکەی خاوەن ســـۆزانیخانە بکەین. ئەو دوو کەسایەتییە کەشـــی فەرهەنگـــی و قەومیـــی ئەو کۆمەڵگەیەمـــان بـــۆ ڕوون دەکەنەوە و دەریدەخـــەن کـــە تەنیا کـــوردەکان لـــەو کۆمەڵگەیەدا دەوریـــان نەدەگێڕا، بەڵکـــوو خەڵکانی ســـەر بـــە ئایین و نەتەوایەتییەکانـــی تریـــش هەبوون کە دڵیان بۆ ئەو شـــارە و کۆمـــار لێی دەدا. بەم جۆرە نووســـەر دەتوانێت وێنەیەکی یەکجـــار گشـــتگیرتر لـــە کۆمەڵگەی ئەوکاتەمان بـــۆ بخاتە ڕوو.

یـەکێـک لە گرنـگـتـرین کەسایەتییە خەیاڵکردەکانی ئـــەو ڕۆمانەش، ئەمیراڵ ئاغایـــە کە زۆرتر وەک کەســـایەتییەکی جادوویـــی و هێماییـــن دەردەکەوێت و دواتـــر زیاتری باس لەســـەر دەکرێت.

جیا لەوانـــەش، کەســـایەتیی کچە پوورەکـــەی بادین و ژاڵـــە و موژدە کە هەرســـێکیان خەیاڵکـــردن، دەورێکی گرنـــگ لـــە زیادکردنـــی چەمکـــی خۆشەویســـتی و تەنانـــەت گێڕانەوەی مێژووش، بە ڕۆمانەکە دەبەخشـــن و دواتر لە چەمکـــی خۆشەویســـتیدا زیاتریان قســـە لەســـەر دەکرێـــت. هەروەهـــا کەســـایەتیی پیرەی گوریسفرۆشـــیش یەکێک لـــە کەســـایەتییە خەیاڵکردە گرنگەکانـــی نـــاو ڕۆمانەکەیـــە کە بە جۆرێک هێمای گوریس و ســـێدارەیە و بـــەردەوام دێتە بەر چـــاوی بادین و ئەو کارەســـاتەی بیـــر دەخاتەوە.

ســـەبارەت بـــەو کەســـایەتییە خەیاڵکردانە، پێویســـتە ئامـــاژە بکرێت کە نووســـەر هیـــچ تایبەتمەندییەکی جەســـتەیی ـــــ و تەنانـــەت تـــا ئەو

جێیـــەی دەکرێت ـــــ کەســـییان بۆ باس نـــاکات و هـــەوڵ دەدات هەر لە ئاستی کەســـایەتیی جۆرەکیدا بمێننەوە تاکـــوو بتوانێت گێڕانـــەوەی مێژوویییان پـــێ ئەنجـــام بـــدات و ڕەهەنـــدە جۆراوجۆرەکانـــی ڕۆمانەکەیـــان پـــێ تەکمیـــل بکات. بۆ پشتڕاســـتکردنەوەی ئـــەو بابەتە دەکرێـــت ئامـــاژە بکەین بەوەی کە خوێنـــەر دوای خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە تەنیـــا دەتوانێت قەیافەیەکی جۆرەکی لەو کەسایەتییانە بێنێتە بەر چاوی خۆی و هەرگیز ناتوانێت بەوردی باســـی تایبەتمەندییـــە کەســـییەکانیان بکات و وێنایان بـــکات. هەڵبـــەت تەنانەت بۆ کەســـایەتییە ڕاســـتەقینەکانیش هیچ تایبەتمەندییەکی ڕوخســـار و ڕواڵەتیانی نەکـــردووە و خوێنـــەر ناتوانێـــت ڕێک وێنایان بـــکات، مەگەر ئەوەی پێشـــتر وێنـــەی ڕاســـتەقینەیانی دیبێت.

دووەم دەســـتـــە، کـەسـایـــەتـیـیـە ڕاســـتەقینەکانی ناو ڕۆمانن کە بریتین لە هێمن، هـــەژار، ســـادق بەهائەدین، نووری ئەمین، گـــۆران، ڕەفیق حیلمی، مـــەلا مســـتەفا بارزانی، خـــودی قازی محەممەد، حوســـێن میکائیلی، ســـدیق هەنجیـــری مەنـــاف کەریمی، شـــێخ مەحمـــوود، کەریـــم و عومـــەر خانی شـــکاک، حەمە ڕەشـــید خانـــی بانە و هتد کە ئـــەو کەســـایەتییانە دەورێکی ئەوتۆیان لە تەواوکۆکردنـــی گێڕانەوەدا هەیە و هێنانیان بۆ بەرهەســـتیترکردنی کـــەش و هەوای کۆمەڵگەی مەبەســـتی ڕۆمانەکەیـــە. ڕەنگە لەو ناوەدا ســـادق بەهائەدیـــن و مەنـــاف کەریمـــی لە هەموویان بەرچاوتر بـــن و زیاتریان باس لێ بکرێت، بـــەڵام ئەو کەســـایەتییانە هەرگیز نابێتە دەورگێڕێکی ســـەرەکیی ڕۆمانەکـــە و هـــەر وەک تەواوکـــەر دەمێننـــەوە. ســـادق بەهائەدیـــن کە هـــاوڕێ و هاوشـــاریی بادینـــە و بـــە پێچەوانـــەی بادیـــن، تەنیـــا خەریکی چالاکیـــی فەرهەنگییـــە و هـــەر وەک مامۆســـتای خوێندنگا لە ســـلێمانی و دەوروبـــەری کار دەکات. ئەو بەردەوام لە کاری فەرهەنگیی خۆیـــدا ماوەتەوە و وتار لە بـــارەی ئەدەبی کلاســـیکی کوردی دەنووســـێت و لە هەڵەبجەش مامۆستای قوتابخانەیـــە. (هەمـــان: ١٥٣) نووری ئەمینیـــش یەکێـــک لە کەســـایەتییە بەرچاوەکانە کە ســـەرەتا لـــە ڕۆژنامەی ژیـــان کار دەکات و دواتـــر ئەویش لە ســـلێمانییەوە دێتـــە مەهابـــاد و لـــە ڕەوتـــی کۆماردا بەشـــدار دەبێت. وەک نوێنـــەر و نموونەیەک لـــە ئامادەبوونی شـــکاکەکانیش لە کۆماردا، کەسایەتیی کەریم شـــکاک و عومەر خانی شـــکاک هاتـــوون کە بـــە جۆرێـــک گرێدانی پێشـــینەی خەباتـــی ســـمایل ئاغای ســـمکۆیە کۆمار و دواتـــر خەیانەتیان بـــەو ڕەوتە.

یەکێـــک لـــە خاڵـــە بەهێـــزە ئەرێنییەکانـــی ئـــەو ڕۆمانە ســـەبارەت بە کەســـایەتییە گەورە سیاســـییەکان، ئەوەیە کـــە هەرگیز کەســـایەتییەکی تەواو ڕەش یان ســـپییان لێ دروســـت ناکات. بـــۆ نموونە ســـەبارەت بە قازی

زۆر کەم دەبیسین و تەنیا وێنەکەی لە چەن شوێندا دەبینرێت و باس دەکرێت، دەنا هیچ دەورێکی تر لە گێڕانەوەدا ناگێڕێت. هەڵبەت تەنانەت لە چەند شوێندا ڕەخنە لە سیاسەتەکانی کۆماریش دەگیرێت. بۆ نموونە ڕەخنە لەوە دەگیرێت کە لەسەر ئەوەی بادین و موژدە دەست لە دەستی یەکدا چوونەتە کۆنسێرت و ڕەنگە دەستبازییان کردبێت، موژدە لە کار دەردەکرێت. هەروەها باس لە لێکدژیی ڕەفتاری دەسەڵاتدارانی کۆمار لەنێوان شەڕ و پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی ئێران دەکرێت و ڕەخنە لەوە دەگیرێت کە خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە. (هەمان: ١٥٧) هەروەها باس لە تیرۆری غەفوور مەحموودیانیش دەکرێت و بە تانە و تەشەرەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت. (هەمان: ١٧٩) سەبارەت بە مەلا مستەفاش ئەگەر پیاهەڵدانێک دەبینرێت (هەمان: ٧٩ و ٢٠١)، لە بەرامبەردا ڕەخنەش دەگیرێت؛ بۆ نموونە تانە لە ساویلکەبوونی دەدات کە دەڵێت "ئێمە ناتوانین ئەو کەمەرە لە ڕووسەکان توند بکەینەوە. هەر چۆنێک بێت ئەوان دۆستی ئێمەن!" (هەمان: ٢١٤)

## ٦ـ٢ چەمک و وتەزاکانی ناو ڕۆمان

دوای کەسایەتییەکان، ئێستا بۆ ئەوەی دەرکەوێت ئەو ڕۆمانە تا چ ڕادەیەک گشتگیرە و توانیویەتی چەمکی گشتێتیی لووکاچ سەرکەوتووانە دەستەبەر بکات، پێویستە بزانین بەگشتی ئەو ڕۆمانە چ چەمکگەلێکی تری باس کردووە. سەرەتا بابەتەکان لەو وتەزایانەی خوارەوەدا پۆلێنبەندی دەکەین.

### ٦ـ٢ـ١ پێشینەی مێژوویی خەبات

نووسەر ڕووداوی ئێستاکەی کۆمار وەک بەرهەمی مێژوویەکی دوورودرێژ لە خەبات و بەرخۆدان دادەنێت و لە چەندین ڕەهەندەوە ئەو چیرۆکانە وەک تەواوکەری دۆخی ئێستاکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت گشتییەتی ئەو کۆمارە و هۆکارە مێژووییەکانی بێنێتە بەر چاوی خوێنەر. لە لێکدانەوەیەکی تەمسیلیدا دەتوانین بڵێین لەو ڕۆمانەدا ئێمە مێژوو وەک چەندین جۆگەلە دەبینین کە دواتر تێکەڵ بوونەتەوە و ئەو کۆمارەیان خولقاندووە. خودی ڕۆمانەکەش (هەمان: ٨١) باس لەوە دەکات کە لە هەموو حیزب و لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە کوردان وردە وردە دێنە ناو کۆمارەوە و ئەو بابەتە وەک دەرفەتێکی مێژوویی دەبینن. خودی ڕۆمانەکە بە زمانێکی شاعیرانە دەڵێت: "ئەو کۆمارەش دەنکێکە لە تەزبێحە درێژەکەی مێژووی ئێمە." (هەمان: ٤٢) واتە ئەوەش قۆناغێکە کە بەدوای قۆناغەکانی پێشتردا هاتووە و بە جۆرێک بەرهەم و لێکەوتەی ئەوانە؛ بەڵام ئەگەر بمانەوێت هەودای ئەو

تەزبێحە بناسێنین و شیی بکەینەوە، بێگومان ئەو هەودایە شتێک نییە جگە لە کوردایەتی و مافی چارەی خۆنووسین کە کورد بەردەوام بە دوایەوە بووە و لە هەر مێژووی پتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا، بە جۆرێک حەولی داوە بەو ئامانجەی خۆی بگات؛ بەڵام هەر جارێک بە کۆمەڵێک هۆکار نەیتوانیوە. بەگشتی دەتوانین ئەو مێژووە لە دوو ڕەهەندی چالاکیی چەکداری و فەرهەنگییەوە لێک بدەینەوە.

**یەکەم: پێشینەی خەباتی چەکداری و حیزبایەتی**

نووسەر لە زمانی گێڕەوەر و چەندین کەسایەتیی تری ناو ڕۆمانەکەوە هەوڵ دەدات پێشینەی شۆڕشەکانی پێشتر لە کۆمار کە لەو ڕووداوەدا شوێنەوار و ئاسەواریان دیار و بەرچاوە بگێڕێتەوە. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا گێڕەوەری ڕۆمانەکە باسی لەدایکبوون و منداڵیی خۆی دەکات کە "لە ژوورێکی ڕووتەندا کە قورئانێک و تفەنگێک بە دیوارەوەیە" و هێمای شەڕ و خەبات و ئایینباوەڕیی ئەو کۆمەڵگەیەن، لەدایک بووە و بە جۆرێک دەیەوێت پێمان بڵێت لەو بنەماڵە و کۆمەڵگەیەدا خەباتگێڕی و ئایینباوەڕی، شان بە شانی یەک دەئاژوێن و هاندەر و ئامرازی گەشتن بە ئازادین.

یەکەم چیرۆکی خەباتی چەکداری کە لە ڕۆمانەکەدا باسی دەکرێت، بابی بادین، واتە یۆنس، تێیدا بەشداری و لە بەرەی شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکان بووە و "شەڕی گاوران [واتە ئەرمەنییەکان]ـی کردووە. (هەمان: ٧٠) لەو ڕووداوەدا خەڵکی کورد لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە فریو دەدرێن تاکوو بەشداری شەڕی ئەرمەنییەکان بن. (هەمان: ١٣٠) هەڵبەت لەو شەڕەدایە کە لەگەڵ ئەنترانیکی ئەرمەنی، بابی هامێست و باپیری بادین، ئاشنا دەبێت و ئەنترانیک لەو شەڕەدایە کە هاوڕێ لەگەڵ ئەرمەنی و ڕووسەکان، خەڵکی کورد دەکوژێت. (هەمان: ٦٨) هەر لەو شەڕەدایە کە قوتووی تووتنێک دەدات بە یۆنس و وەک ڕەمزێک لە درێژاییی ئەو ڕۆمانەدا باسی لێ دەکرێت و بە جۆرێک هەودای گرێدەری هەموو قۆناغەکانی ژیانی بادینە. (هەمان: ٧١) لەو شەڕەدا ئەنور پاشای عوسمانی تێک دەشکێت و هامێست و بابی لێک هەڵدەبڕێن و تا هەتایە ئەنترانیک، هامێست نابینێتەوە. (هەمان: ٧٢ ـ ٧٤) یەکێکی تر لەو سەرهەڵدانە چەکدارییانەی باسی دەکرێت، شۆڕشەکەی شێخ مەحموودە کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە تێک دەشکێندرێت و بابی بادین، یۆنسیش هەر لەو شەڕەدایە کە دەکوژرێت. (هەمان: ١٣٠) ئەو سەرهەڵدانانە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە ڕەوتی ئێستاکەی کۆماردا بووە و وەک ژێدەری ئەو ڕووداوە هەژمار دەکرێن.

هەروەهـــا باســـی ســـەرهەڵدانی شـــابان ئاغـــا دژی ئینگلیزییـــەکان دەکات کـــە "خەڵکـــی بـــەرواری باڵا، دۆســـکی، ســـندی و کۆلی لە بەرانبەر ئینگلیز و جاشـــەکانیان کـــە زۆربەیان لـــە هۆزەکانی تیـــاری، بـــاز، جیلۆ و تخووما بـــوون، ڕاوەســـتان." (هەمان: ٢١) ســـەرهەڵدانەکەی ســـەید ڕەزا لـــە دێرســـیم و ســـەرکوتی دڕندانەی لەلایەن دەســـەڵاتی دڕندەی تورکییەوە شـــی دەکرێتـــەوە. (هەمـــان: ٤٧) بەم جۆرە ئـــەو برینەی مێـــژووی کوردیش وەکوو پێشـــینەیەک بۆ ڕەوتی مێژوویی کۆمار دەخرێتـــە ڕوو و خەنە وەک هێمای خوێنی ڕژاوی دێرســـیم لە بیر و وتەکانی حوســـێن دێرســـیمدا ڕەنگ دەداتەوە لـــە ئەندێشـــەی بادین و کەســـانی تردا کاریگەر دەبێت. حوســـێن دێرســـیمی بە یادەوەریی ئەو کارەســـاتەی بەســـەر دێرســـیمدا هاتووە تووشـــی تێکچوون هاتـــووە و بەردەوام مـــەی دەخواتەوە و دەڵێـــت: "بلا بۆنی مـــەی بڵاو بێتەوە! خەنە منی کوشـــت!" (مژابـــاد، ل: ٤٩)

یەکێکی تر لەو ڕەوتـــە کاریگەرانەی کە شـــوێندانەرییەکی زۆریان لەســـەر کۆمـــار هەبووە، ڕەوتـــی بارزانی بووە کە پێشـــتر لە باشـــوور لەگەڵ دەسەڵاتی عێـــراق شـــەڕ دەکات و ســـەرکەوتنی زۆریش بەدەســـت دێنێت، بەڵام بەهۆی خەیانەتی هەندێک لە عەشـــیرەتەکان، وەک ســـوورچی و زێبارییەکان، ناچار بە پاشەکشـــە دەبێت. (هەمان: ٢٣٢ـ٢٣٣) جیا لەوەش، مەسەلەی ســـمایل ئاغای ســـمکۆ و سەرهەڵدانەکەشی بە دوو جۆر کاریگەرییان لەســـەر کۆمار باس کراوە: یەکیان ئەوەی بەشـــێک لـــە چەکدار و هێزە شـــکاکییە نیشـــتمانپەروەرەکان دێنـــە کۆمـــارەوە و پشـــتیوانیی لێ دەکـــەن و دووەمیش ئـــەوەی خەڵک بەهـــۆی تالانکرانی موکریان بەدەســـت هێزەکانی ســـمکۆوە قیـــن و بوغزیان هێشـــتا لە دڵدا ماوە و لێیـــان توورەن. (هەمـــان: ٢٦٦) هەڵبـــەت بـــاس لە کۆمـــاری ئـــاراڕات و خۆیبوونیـــش لە ڕێگـــەی موژدەوە دەکرێـــت کە یەکێک لە کەســـایەتییە گرنـــگ و بەرچاوەکانی نـــاو ڕۆمانەکەیـــە و وەک کچی زولفۆی جەلالی دەناســـێندرێت. (هەمان: ٩٦ و ٩٨)

جیا لەوانەش باســـی ئەو حیزب و بەرە سیاســـییانەش دەکرێت کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لە پێکهاتنی کۆمـــاردا هەیە: وەک حیزبـــی هیوا بە ســـەرۆکایەتیی ڕەفیق حیلمی (هەمان: ٨٩ و ١٠١) و پێوەندیـــی ئەو حیزبە لەگەڵ ژ.ک (هەمـــان: ١٠٧). ئـــەو حیزبە دوو باڵی زۆر دوور لـــە یەکی هەیە کە دوای لێکهەڵوەشـــانی دەســـتەیەکیان دەچنە نێو چەپە کۆمۆنیســـتەکانەوە و دەستەی دواتریش دەچنە نێو بـــەرەی بارزانییەوە کـــە بادین یەکێـــک لەوانـــە. (هەمان: ١٦٢ ـ١٦٣) تەنانەت لە ڕۆژاواشـــەوە کەســـێکی وەک قەدری بـــەگ، کوڕی جەمیل پاشـــا، دێت و هـــەوڵ دەدات یارمەتیی کۆمار بـــدات. (هەمان: ٢٩٦)

**دووەم: پێشینەی فەرهەنگی**

بابەتی دووەم سەبارەت بە پێشینەی کۆمار کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت و لەو ڕۆمانەدا خراوەتە بەر چاو، پێشینەی فەرهەنگییە کە لێرەدا باسیان دەکرێت. نموونەیەک لەو کارانە، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەن کە بە جۆرێک دارێژەری ژێرخانی فکریی دامەزرێنەرانی کۆمار و بەشدارانی ئەوی دابین کردبوو و هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتیی لە ناخیاندا چاندبوو. دوو نموونە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە کوردییانەی لەو ڕۆمانەدا ناویان هاتووە بریتین لە ڕۆژنامەی ژین (یان ژیان) کە یەکەم ڕۆژنامەیەکە گێڕەوەری ڕۆمانەکە تێیدا بەشداری دەکات و بە سەرپەرشتیی نووری ئەمین لە سلێمانی دەردەکرێت (هەمان: ۵۱) و دووەمیش گۆڤاری هاوار بە سەرپەرشتیی جەلادەت بەدرخان کە بە کرمانجی بڵاو دەبێتەوە (هەمان: ۱۹۴).

جیا لەوەش لەوەتا ڕادیۆ پەیدا بووە کەسێکی وەک زەبیحی ڕادیۆکەی دەباتە قاوەخانە و شوێنە گشتییەکان و خەڵک لە ڕەوش و هەلومەرجی سیاسیی دنیا ئاگادار دەکاتەوە. (هەمان: ۱۷۵) هەروەها لە خودی مهاباد کاری شانۆگێری کراوە و تەنانەت کۆنسێرتیش بەڕێوە دەچێت. (هەمان: ۱۸۱) تەنانەت هونەری خۆشنووسییش لە شاردا هەیە و کەسێکی وەک میرزا ئەحمەد ئیسماعیل زادە خەریکی ئەو هونەرەیە. (هەمان: ۲۴۶) ئەمانە سەرجەم دەریدەخەن لە باری فەرهەنگیشەوە خەڵکی کوردستان تا ڕادەیەک ئاگادار و وشیار بوونەتەوە و دەیانەوێت لەگەڵ دنیای نوێدا خۆیان ڕێک بخەن.

لە باری ئایینی و نەتەوایەتیشەوە، کەشی یەکترقبووڵکردن تا ڕادەیەکی باش لە شار و ناوچەدا هەیە و خەڵکەکە ئاستی فەرهەنگییان هەر لەپێش کۆماریشدا ئەوەندە چووەتە سەرێ کە بوونی ئەرمەنی و جوولەکە و ئازەری و زۆر خەڵکانی تر لەناو خۆیاندا قبووڵ دەکەن کە ئەو بابەتە دوای پێکهاتنی کۆمار زۆر بەرچاوتریش دەبێتەوە و لەو ڕۆمانەدا لە زۆر جێدا ئاماژەی پێ دەکرێت. بەگشتی خوێندنەوەی ئایینیی کوردانیش لە ئایینی ئیسلام، خوێندنەوەیەکی نەرم و نیانە و زۆرتر داکۆکی لەسەر دەستنەبردن بۆ کوشتن دەکرێت. (هەمان: ۷۱)

هەڵبەت ڕۆمانەکە ئاماژەی بە سیستەمی ئاغا و ڕەعیەتی یان سەردەست و بندەست لە ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەکردووە و ئەو ڕووداوە مێژووییە هیچ پێوەندییەکی بە ناوەرۆکی دووفاقی و دووجەمسەریی کۆمەڵگەی تێدا نیشان نەدراوە. واتە ڕۆماننووس نەهاتووە پیشانی بدات کە ڕووداوی ڕووداوی کۆمار، یان بەردەوامبوون و نەبوونی، یاخود دژبەریکردنی لەلایەن هەندێک چین و

تویـــژی کۆمەڵگـــەوە، پێوەندییەکـــی بە فەرهەنگـــی کۆمەڵگـــە و جیاوازیـــی چینایەتی و هەڵســـوکەوتی سەردەست و بندەســـت هەیە یـــان نا. بـــە واتایەکی تر، ڕۆمـــان تەنیـــا پەڕاوەتـــە بواری سیاســـیی تـــۆخ و ئەو بـــوارەی وەک دوڕگەیـــەک دانـــاوە بەبـــێ پێوەندی لەگەڵ بـــواری ئابـــووری و چینایەتی و فەرهەنگی ئاغـــا و ڕەعیەتی و هتد. بەم جـــۆرە ئێمە لەو ڕۆمانـــەدا بە زەحمەت دەتوانین وێنەیەکی دروست و گشتیمان ســـەبارەت بەو کەشـــی ناسیاســـیی کۆمەڵگـــە لە مێشـــکدا بۆ چـــی بێت.

## ٦ـ٢ـ٢ پەرتەوازەیی خەباتی کوردان

یەکێکـــی تـــر لـــەو چەمکانـــەی لەو ڕۆمانـــەدا زۆری ئامـــاژە پێ کـــراوە، پەرتەوازەبوونی کوردان و یەکنەگرتنیانە. نووسەر لە چەندین شـــوێنی ڕۆمانەکەدا باس لە دۆخـــی پەرتـــەوازەی کوردان دەکات و دەڵێـــت "دەنگی کـــوردان بە یەکتر ناگات" (هەمـــان: ٩٩ و ١٣٨) و ناوچەکانـــی کوردان دەڵێـــی دوڕگەن و لە یـــەک پچڕاون و لـــە دەریایەکدان و دەســـتیان بە یەک ناگات (هەمـــان: ١٤٠) بەم جـــۆرە نووســـەر لەگـــەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاســـیی کورد ئاشنامان دەکات و لـــەو ڕێیـــەوە دەزانیـــن کە هەســـتی یەکێتـــی و یەکگرتـــن لەناو کۆمەڵگەدا هەرگیز بەقـــەد لێکدابڕان و پەرتەوازەبوون بەهێـــز نەبووە. ئەو دۆخە بەتایبـــەت لەگـــەڵ هۆکارەکانی تری لاوازبوونی کۆمار، وردەوردە گشـــتگیرتر دەبێـــت و بـــۆ نموونـــە شـــکاکەکان چەکدارەکانی خۆیان لە شـــار دەکێشنە دەر و تەنانـــەت بە دامەزراندنی شـــەڕ لەگـــەڵ ئازەرییەکانی خـــۆی و ماکۆ، دەردیســـەرێکی زیاتریش بـــۆ کۆمار و پێشـــەوا دەخولقێنن. (هەمـــان: ٣٠٧ و ٣٠٨ و ٢٤٥).

## ٦ـ٢ـ٣ خەیانەتی ناوخۆیی و دەرەکی

چەمکـــی خەیانەتـــی ناوخۆیـــی لەو ڕۆمانـــەدا زۆر بەرچـــاوە و بەڕوونـــی و فرەیی باســـی لێ کراوە. لـــە خەیانەتی ژاڵـــە و عادیلـــەی دایکییـــەوە بگـــرە کە دەبنـــە ســـیخوڕی ئینگلیزییەکان (هەمـــان: ٨٥ ـ٨٦) تاکـــوو خەیانەتی عەشیرەتەکان (هەمان: ٢٣٠ و ٢١٦ و...). لە ڕاســـتیدا لەو ڕۆمانـــەدا بە ڕێژەیەکی زۆر ناوی عەشـــیرەت و خێڵەکان هاتووە کـــە خەیانەتیان بە ئامانجـــی نەتەوەیی کـــردووە و یـــان لەگەڵ دەســـەڵاتە دەرەکییـــەکان دەســـتیان تێکـــەڵ کردووە، یـــان لە جەنگەی پێویســـتی و شـــەڕدا پشـــتی یەکتریان بـــەرداوە و وەدوای بەرژەوەندیـــی خێڵەکیی خۆیان کەوتوون.

ســـەبارەت بە خەیانەتی دەرەکییش، خەیانەتـــی ڕووســـی و ئینگلیـــزی و عوســـمانییەکان پتر لـــە هەمووان باس کـــراوە و ئاماژە بـــەوە کـــراوە کە ئەو وڵاتانـــە بـــۆ پاراســـتنی بەرژەوەندیی خۆیان هەمیشـــە کوردانیـــان کردووەتە قوربانی و هیچ بنەمایەکی ڕەوشـــتییان پەیـــڕەو نەکردووە. (هەمـــان: ٦٨ و٧٢ و ١٢٨ و...)

ئـــەوەی لـــە خوێندنـــەوەی ئـــەو خەیانەتانـــەدا زۆر گرنگـــە ئەمەیە کە دەریدەخـــات ڕەوش و هەلومەرجـــی جیهانی ئەو ســـەردەمە و کوردســـتان چـــۆن بـــووە و چۆناوچـــۆن ئـــەو تایبەتمەندییـــە مێژووییانـــەی ئەوکات لە بـــاری سیاســـی و کۆمەڵایەتییەوە بوونەتـــە زەمینەیەک بۆ ســـەرهەڵدان و ڕووخانـــی کۆمـــار و بێهیوابوونی کورد لـــەو ســـەردەمەدا. بەتایبـــەت ئەوەی کـــە دەردەکەوێت ئـــەو هەلومەرجەی بۆ کـــورد ڕەخســـابوو، تەنیـــا بەهۆی بۆشاییەکی مێژوویی دەســـەڵات بووە و زلهێـــزەکان هەرگیز مەبەســـتیان ئەوە نەبووە کە دەســـەڵاتێکی ســـەقامگیر و هەمیشـــەیی بۆ کوردان دامەزرێنن یان ئەوەی پشـــتیوانیی لێ بکـــەن، بەڵکوو تەنیا بـــەدوای بەرژەوەندیـــی خۆیانەوە بوونـــە و کوردیـــان وەک کارتێـــک بۆ گەیشـــتن بەو ئامانجـــەی خۆیان بەکار هێناوە.

ســـەبارەت بە ناوخۆی کوردستانیش، لە ڕاستیدا ئەو پەرتەوازەیی و یەکنەبوونە، بە شـــێوەی زەمینەیـــی و مێژوویی زۆر بەجوانـــی خراوەتـــە ڕوو و دەرکەوتووە کە کورد هـــەر لەناو خۆشـــیدا بەهۆی فرەڕەنگی و هەلپەرســـتیی دەسەڵاتداران و تەنانەت خەڵکانیشـــییەوە، قەت نەیتوانیوە ویســـتێکی گشـــتگیر و ڕیشـــەیی بۆ بەنەتەوەبـــوون و دەســـەڵاتداری پێک بێنێت و هەر ئەوەش تـــۆوی خەیانەتی لـــە نێودا چاندووە و گەشـــەی پێ داوە.

## ٦ـ٢ـ٤ ڕەوشی ژیانی ئاسایی و کۆمەڵایەتیی خەڵک

لەو ڕۆمانەدا بۆ ئـــەوەی خوێنەر لەگەڵ ژیانی ئاســـاییی خەڵک ئاشـــنا بێت و کەش و هـــەوا و شـــوێن و جوغرافیای ئـــەو ناوچەیەی بێتە بـــەر چاو و لەگەڵ کات و شوێن و شـــێوازی ژیانیان ئاشنا بێـــت، لـــە زۆر جێگـــەدا هاتووەتە ناو شـــار، چایخانەکان، مەدرەسە، مزگەوت، مەیخانە و تەنانەت سۆزانیخانەکانیشـــەوە. هەرچەند لە بەرامبەر باســـی ڕەوشـــی سیاسی و ســـەربازیی ئەو ســـەردەمە، بەگشـــتی ئـــەو باســـانە ڕێژەیەکـــی کەمتریان هەیـــە و چوونـــی کامێرای ڕۆمـــان بۆ نـــاو ئـــەو شـــوێنانە، تەنیا بـــۆ نواندنـــەوەی ئەمری سیاســـەتە لە ناویانـــدا، نـــەک وێناکردنی ڕەوشـــی ژیانـــی ئاســـاییی خەڵـــک و لێکدژییە نهێنییەکانـــی ناو کۆمەڵگـــە. بۆ نموونە باس لە دووکان و بازاڕ و قەیســـەرییەکان دەکرێت و پیرە پیاوێکی گوریســـفرۆش کە بەردەوام بە تانە و تەشـــەرەوە باسی سیاســـەت دەکات (هەمـــان: ٦٥ و ١٥٦)، بەڕێوەچوونـــی کۆنســـێرتی ماملـــێ لە شـــاردا (هەمان: ٩٢) کە سیاســـەتوانان و سەردەستان تێیدا بەشـــدار دەبن و ئەنجامی ئەویش هەر سیاســـییە و مـــوژدە لەکار دەردەکرێت، شـــوێنی شـــارەکە و کێو و شـــاخ و باغەکانی قەراغ شـــار و تەنانەت ڕوودانـــی لافاوێک لـــە گەڕەکی خرێی مهاباد (هەمـــان: ١١٣) کە ئەویش گرێ دەدرێتەوە بە ڕابردووی موژدە و سیاســـەتی

شكاكەكان لە ناوچەدا و هاتنیان بۆ مهاباد. دووكانی وێنەگرییەكەی باپیرە و مەیخانەكەی ئاگۆپی ئەرمەنی و گوریسفرۆشەكە كە هەموو لەپەنای یەكترن ئەوانیش بوونەتە شوێنی لێكدانەوە و شرۆڤەی بابەتی سیاسی و خەبەرێك لە ڕەوشی ئابووری و فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی نییە و تەنانەت یەك جیگەش باس لە ڕەوشی ئەو كەمینە زمانی و ئایینییانە لە كۆمەڵگەدا ناكرێت (هەمان: ١٥٦) باس سادەدڵیی خەڵك لە بەدیلگیرانی چەند سەربازی عەجەم دەكرێت و لێرەشدا خەبەرێك لە بنەما و هۆكارەكەی نییە. (هەمان: ١٥٧) هەڵبەت دامەزرانی یەكێتیی ژنانی دیموكرات بە بەشداریی ئەندامانی بنەماڵەی قازییەوە، وەك نموونەیەك لە بەشداریی ئەرێنیی ژنان لەو ڕووداوە مێژووییەدا، باس دەكرێت. (هەمان: ١٧٢) جیا لەمانەش باوەڕە خورافییەكانی خەڵك و چوونیان بۆ سەر چاك و پیران (هەمان: ١٧٠ و ١٧١) ناو و ناوبانگی مەلاكان لە شاردا كە هەر كامەی بۆ بابەتێك دەناسرێن و خەڵك ئاگادارنە هەڵسوكەوتی ئەوانی لەبەر چاوە (هەمان: ١٧٢ ـ ١٧٣)، سوڵتانی جوو وەك كەسایەتیی جۆرەكیی هەبوونی جووەكان و گەڕەكی ئەوان لە شاردا (هەمان: ١٨٠)، بویوك ئاغای خانباغی وەك یەكێك لەو ئازەرییانەی لە مهابانددا دەژیت و هاوكات خەریكی دەلاكی و شانوگێرییە (هەمان: ١٩٠) چەند نموونەیەكی ترن لە باسی فەرهەنگ و ژیانی خەڵكی ناو ئەو كۆمەڵگەیە.

لەولاشەوە دوای ماوەیەك كە لە كۆمار تێ پەڕیوە باس لە وەڕەزبوونی گوندییەكان لە بارزانییەكان دەكرێت كە هۆكارەكەشی ئەوەیە ماوەیەكی زۆرە بەخێویان دەكەن و ئەو بابەتە بە جۆرێك كەشی نارەزایەتیی خستووەتە ناو گوندەكانەوە و سەرۆك خێڵەكانیش لەو بارەیەوە تینیان دەدەن (هەمان: ٢١٦). هەروەها باس لە باونەبوونی خویندنەوە و نووسین و تەنانەت گوێگرتن لە هەواڵیش بە زمانی كوردی دەكرێت و دەگوترێت كە خەڵكی پێیان وایە زمانی خۆیان تەنیا زمانی كڕین و فرۆشتنە، نەك گوێگرتن لە هەواڵ (هەمان: ٢٢١). جیا لەوەش باس لە عادەتی خەڵك دەكرێت كە كاتی ڕەمەزانان و گەرما، دەچوونە باغ و باغاتە فێنكەكانی ناو شار و قەراغ شار (هەمان: ٢٦٢) و ئەوەی كە لە كۆتاییەكاندا، هەموو خەڵكی مهاباد و تەنانەت خودی مەناف كەریمی، وەزیری پەروەردەش چاوەڕێی ڕووخان و هەرەسهێنانی كۆمار بوون. (هەمان: ٣٠٣)

جیا لەمانەش باس لە كەشی قاوەخانەكانی ناو شار و هەڵسوكەوتی خەڵكی ئاسایی لەگەڵ یەكتر و گۆرانیی سەید عەلی ئەسغەر و بانگی مزگەوتی عەباس ئاغا و تەنانەت

هەڵســـوکەوت و ڕوانگـــەی خەڵکـــی گوندیی ئەوکات ســـەبارەت بـــە بوونی مەیخانـــە و ئەرمەنییەکان لە شـــاردا و هەروەهـــا ســـۆزانیخانەی جوولەکەکان و کۆڵانە تەنگەبەرەکان و باغ و دارســـتان و بەگشـــتی هەموو دیاردەکانی شار دێنێتە ئاراوە. جیـــا لەوانەش شـــوێن و پێگە و هەڵسوکەوتی شاعیرانی بەناوبانگی وەک هێمن، هەژار و کەســـانی لەو چەشـــنەش ئاوێتەی گێرانەوەکـــەی دەکات تاکـــوو خوێنەر بتوانێت وێنەیەکی گشـــتی و زیندوو لە شـــار بێنێتە بـــەر چاوی.

**"هەتا مردن وەکوو بەندە لە خزمەت خاکی کوردستان**

**حەیاتی خۆی فیدا کا بۆ هەموو ئەمرێک و فەرمانی**

ئـــەم ســـترانە وەکـــوو چەمێکی بەقەڵبـــەزە لە گرامافۆنـــی چایخانەکەوە دەنگـــی دەدایەوە" (هەمـــان: ٢٦)

"ئەوە پێشـــوولەی مەهابادن پێیانەوە داویـــت. چەمـــی ســـابلاخ کانـــگای پێشـــوولانە بادین. تۆش ئـــەوە دەزانی کاتێـــک با دەوەســـتێ پێشـــوولە هار دەبن." (هەمـــان: ٢٤)

"قوتابیی خوێندنگە ســـەرەتاییەکان وەکوو ئـــەو کارانـــەی لـــە لەوەڕاندن دێنەوە بـــە هەڵبـــەز و دابـــەزەوە لە دەرگاکان دەهاتنـــەوە. ئـــاڵای ڕەنگین لەســـەر بانـــی مـــاڵان بـــە شـــنەبا دەلەرانـــەوە. بـــە درێژاییی شـــەقامی شـــاپوور و شـــەقامی پەهلەوی بزاوێکی گەرموگـــوڕ هەبوو:

چایخانەکان تژیـــن، چەند گەنجێک لە دەوری مێزێک ڕۆنیشتوون. ڕۆژنامەی کوردستان لە دەســـتی یەکێکیاندایە..." (هەمان: ٣٠)

"باوکێـــک دەســـتی کوڕیژگەکەی گرتووە و دەیباتە سەرتاشـــخانە، یەکێکی تـــر لەگـــەڵ کوڕەگـــەی دەچنە لای بەرگدووریـــک. زۆر کەس بـــە بەردەم مەیخانەکـــەی ئاگۆپـــدا تـــێ دەپەڕن. لەژێـــر چـــاوەوە دەڕواننە شووشـــەی مشت لە شـــۆڕش و شـــێتبوون. ڕووی خۆیان گـــرژ دەکـــەن و خێراتر دەڕۆن. ســـوارێکی لەخـــۆڕازی بـــە مەیدانی چوارچرادا تـــێ دەپەڕێـــت. قرمەقرمی سمی ئەســـپەکەی، ڕانک و چۆغەکەی، ڕیشۆی مشـــکییەکەی سەری داوەریون. ســـمێڵە بادراوەکانـــی دەبریقێنـــەوە. هەمـــووان دەڵێـــن ئـــەوە کـــوڕی ئاغایەکـــە. گوندییـــەک و کەرەکـــەی ســـەیری شووشـــەی مەیخانەکـــە دەکـــەن. گوندییەکـــە ڕووی خۆی گرژ دەکات و لێوەکانـــی بـــە گوتنی پەیڤی نادیـــار دەجووڵێنێـــت، نـــا پەیڤەکانی دەبیســـترێن، ئەو دەڵێ: ئەستەغفیروڵڵا. پانیـــە قەڵشـــیوەکانی هـــەر دوو پێی لەبن ســـکی کەرە ڕەبەنەکەی دەدات و هەیدێییێـــی دەڕوات." (هەمـــان: ٣١)

ڕەنگـــە ئـــەوە تەنیـــا شـــوێنێکی ڕۆمانەکـــە بێت کـــە بە شـــێوەیەکی

ناڕاستەوخۆ باســـی جیاوازیی چینایەتیی ئـــەو کۆمەڵگەیە دەکرێـــت و لەلایەک گوندییـــەک بە پانیەی قەڵەشـــیویەوە ســـواری کەرەکەیەتی و لەو لاشـــەوە ســـوارێک کە وا دیارە کـــورە ئاغایە، بە قەڵافەتێکەوە ســـواری ئەسپەکەی بووە بـــە جلێکی مەڕبووت و پـــاک و خاوێن و بە قرمەقرمی ســـمی ئەســـپەکەیەوە بە ناوشـــاردا تێ دەپەڕێت. دەنـــا لە هیچ شـــوێنێکی تری ڕۆمانەکـــە گێڕانەوە و وێناکردنـــی ئەو جیاوازییانـــە نایەنە بەر قەڵەمی نووســـەر و هیچ باســـێکیان لێ نا کر ێت.

نووسەر بۆ ناســـاندنی ئەو کۆمەڵگەیە چەند کەســـایەتیی جۆرەکیی مامناوەند دەخولقێنێـــت، وەک گوریســـفرۆش و چایچی و کابـــرای گوندی و کوڕەکەی و کـــوڕە ئاغا و مەیخانەچـــی و هتد، بەڵام هیـــچ حەوڵێک بـــۆ سیاسەتســـڕینەوە لە گێڕانەوەکەیدا نـــاکات و ڕۆمانەکەی کەشـــێکی تـــەواو سیاســـیی هەیـــە. هەروەهـــا لـــە زمانـــی تەوســـیفی تا ڕادەیـــەک شـــاعیرانەش بـــۆ وێنـــا کردنی کـــەش و هەوای شـــار کەڵک وەردەگرێـــت تاکوو ئەو هەســـتە هەم زیندووتـــر بێت و هەم بـــاری هونەریی کارەکەی بەهێزتـــر بکاتەوە:

"نووســـیبووم کـــە ژیانـــی من لە مەهاباد وەک ئەوە وایـــە لەنێو ڕۆمانێکدا بژیـــم. زۆر ڕووداوی ســـەیر دەقەومێن کـــە تەنیا لەنێـــو چیرۆکەکانـــدا هەن. دوێنـــێ ئێـــوارە چوومە ماڵـــی باپیرەم لـــە گەرەکـــی ئەرمەنییـــەکان. ئاگۆپی مەیفرۆش گۆرانیی دەگـــوت..." (هەمان: ١٢٣)

"ڕۆژێکـــی خـــۆش بوو کـــە خۆی لەنێـــو بەهارێکەوە دزیبـــووەوە، هاتبووە شەردانی ئەو شوباتە ســـاردە. بەفر کلوو کلوو لەســـەر چیـــای خـــەزا، قوڵقداغ، چیـــای مەجید وەکـــوو بیرەوەرییەکانی مـــن دەردەکەوتن. چەنـــد خونچەیەکی گوڵی هاڵەکۆک ســـەری خۆیـــان لەژێر بەفری تـــەواوە دەرهێنابـــوو، مزگێنیی بەهاریـــان دەدا." (هەمان: ٣٠)

ئەمانـــەش نمونەیەکـــن لـــە تەوســـیفی کـــەش و هـــەوا و ژینگەی شـــار کە نووســـەر لەو ڕێیەوە شوێنی ڕووداوەکەمـــان بـــۆ وێنـــا دەکات.

## ٦ــ٢ــ٥ خۆشەویستی و ئەوینداری

نووســـەر بـــۆ ئـــەوەی گێڕانەوەیەکی هاوتەریـــب لەگـــەڵ ڕەوتـــی کۆمار و ســـاواکوژکران و بێهیواییەکـــەی بخاتە ڕوو و هەروەهـــا ئـــەو مێژووەمان زیاتر وەک گێڕانەوەیەکی واقعی پێ نیشـــان بدات و چەمکـــی ئەوینداریش لە ژیانی ئاســـاییدا بگونجێنێـــت، چەند چیرۆکی ئەوینداریيشـــی ناوئاخنـــی ڕۆمانەکەی کردووە. ئەو ســـێ چیرۆکی ئەوینداریی بادینـــی خزاندووەتە ناو داســـتانەوە کە بریتیـــن لە خۆشەویســـتیی کچە پوورە بێناوەکـــەی بادیـــن کە ســـەردەمی مێرمنداڵی، ئەوینداری بـــووە، چیرۆکی خۆشەویســـتیی ژاڵـــە کـــە دواتر بە

ســـۆزانی و ســـیخوڕی ئینگلیزییەکان دەردەچێت و دواتریش، خۆشەویســـتیی موژدە کـــە وەک ئەوانی تـــر، ئەمیش بـــە تراژێـــدی و بێهیوایـــی کۆتاییی پێ دێـــت. ئەو ســـێ کەســـەش هەر کامیـــان نوێنەری جۆرەکیی بەشـــێک لە کۆمەڵگـــەن بۆ ئـــەوەی گێڕانەوەکە دەوڵەمەندتر و گشـــتگیرتر بکەنەوە: کچە پوورەکـــەی کـــە دواتر بە خوشـــکی شـــیریی بادین دەردەچێـــت، نوێنەری جۆرەکیـــی خۆشەویســـتیی کرچوکاڵی مێرمنداڵییـــە کە بە پیلانـــی داپیرە لێی دادەبڕێـــت. ئەو بابەتـــە کاریگەرییەکی زۆری لەســـەر داهاتـــووی بادین دەبێت و مـــاڵ و وڵاتـــی خۆی بەجـــێ بێڵێت و پەڕیـــوەی هەندەران بێـــت. ژاڵە کە لەو ڕۆمانەدا کچـــی عادیلە خانـــم ناوێکە، ئاماژەیـــە بـــە عادیلە خانمـــی جاف، کە لێرەدا وەک ســـۆزانی و ســـیخوڕ و فریوخـــواردووی ئینگلیزییـــەکان وێنا دەکرێـــت و هـــەر ئەمە کـــە هەموو هیواکانی بادین بە بـــادا دەدات و وەک نموونـــەی فریوخواردووەکانـــی ئینگلیزە لـــە ڕەوتی خەباتـــی کوردیدا.

ســـێیەم خۆشەویســـتی بادینیش، موژدەیە کـــە مامۆســـتای خوێندنگایە ئێستا خۆشەویســـتی بادینە. نووسەر بۆ ئەوەی جۆرەکیبوونی ئەو کەســـایەتییانە دەربخـــات، هیـــچ تایبەتمەندییەکـــی تاکەکەســـیی ئەوتۆیـــان بۆ دروســـت نـــاکات تاکوو بکرێت هەموو کەســـێکی لەو جـــۆرە و لەو بیروبـــاوەڕە لە جێیدا دابنرێـــت و بگونجێـــت. مـــوژدەش لە کرمانجـــە جەلالییەکانـــی بەشـــدار لە ڕەوتی کۆمـــارە کە بەهـــۆی هەندێک ڕووداوەوە پەڕیـــوەی مهابـــاد بووە و بە جۆرێک نموونەی بیروبۆچوون و خەڵکانی خۆیەتی و لـــەو ڕووداوە مێژووییەدا دەور دەگێڕێت. خۆشەویســـتیی موژدەش بۆ بادین بە تراژێدی کۆتاییی پـــێ دێت و دواتر موژدە شـــوو بە هاوڕێکـــەی بادین، واتە کەریمـــی شـــکاک دەکات و بەم جۆرە هەم ئـــەو هیوایەش بـــە بێهیوایی تەواو دەبێت و هـــەم خەیانەتـــی هاوڕێکەی پێی ئاشـــکرا دەبێت. خۆشەویستییەکی تـــر کە لـــەو ڕۆمانـــەدا ئامـــاژەی پێ دەکرێـــت، خۆشەویســـتیی یۆنـــس و هامێســـتە کە لە ســـەرەتای ڕۆمانەکەدا دەگێڕدرێتـــەوە و ئەویش بە لەدایکبوونی بادین تەواو دەبێـــت و یۆنس لە بەرەی شەڕ و هامێســـتیش بەهۆی "خوێنڕژانی زۆری کاتـــی منداڵبوونـــەوە" لە یەک کاتـــدا کۆتایـــی بـــە ژیانیـــان دێت و بەگشـــتی هیچ خۆشەویســـتییەکی ئەو ڕۆمانە بە ئاکام و ئەنجامێکی شـــیرین و خۆش ناگات و نووســـەریش بەئەنقەست بەو کارە ویســـتوویەتی بێئاکامیی کۆمار و ژیانـــی قارەمانەکانی لێـــک بکاڵێنەوە و تێکەڵ بن.

### ٦ــ٢ــ٦ دۆخی ژیئۆپۆلیتیکی ناوچە

نووســـەر بـــە هێنانی کەســـایەتییەکی هێماییـــن و جۆرەکیـــی وەک ئەمیراڵ ئاغا، نیشـــانی داوە لەو سەردەمەشـــدا کەســـانێک هەبوون کە پێیـــان وا بووە

دامەزراندنی وڵات بەبێ دەستڕاگەیشتن بە دەریا ئیمکانی نییە و کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت بمێنێتەوە و سەر بگرێت، پێویستە هەم قەوارەکەی زۆر بەرینتر لەو ناوچە بچووکە بکاتەوە و هەم دەستی بە ئاوە ئازادەکان بگات. "ـ دەریا، کۆمار بەبێ دەریا هیچە!... من ئەمیراڵ ئاغا، لەسەر بۆچوونی خۆم سوورم. ئەگەر ئێوە مەهاباد نەگەیەننە کەناری دەریایەک، یاخود دەریایەک لە کۆمار ساز نەکەن، دەڕووخێ!" (هەمان: ٢٥)

نووسەر دەیەوێت ئەو ڕاستییە بخاتە ڕوو کە هەر لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی مەهاباد و کوردستانیشدا کەسانێک هەبوون کە سەرنجی دۆخی ژێئۆپۆلێتیکی کوردستانیان دەدا و ئاگادار بوون لەوەی کە ناکرێت پشت بە وڵاتانی زلهێز ببەسترێت، بەڵکوو دەبێت بازنەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان ئەوەندە بتەنرێتەوە کە بگاتە دەریا و لە گەمارۆی وڵاتانی دەوروبەر بێتە دەر. بەم جۆرە ئەمیراڵ ئاغا وەک زمانحاڵی ئەو بیرۆکەیە لەو ڕۆمانەدا دەور دەگێڕێت.

## ٧ـ ڕاڤەی کۆتایی:

دوای باسکردنی هەموو وتەزاکان و چەمکە گرینگەکانی ئەو ڕۆمانە و هێنانەوەی نموونەکان و شیکردنەوەیان، پێویستە بڵێین کاتێک ئەو وێنەی گشتییە لەبەر چاومان دادەنێین دەردەکەوێت کە نووسەر تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی ئەو سەردەمە، پێشینەی سیاسی و فەرهەنگیی ئەو ڕەوتە، دەوری کەسایەتییە بەرچاوەکان لەو ڕووداوە مێژووییە، دۆخی ژێئۆپۆلێتیکی ناوچەکە، ڕەوتی سیاسیی جیهان و ناوچە و زۆر بابەتی تر بەجوانی ناوئاخنی گێڕانەوەکەی بکات و بەبێ ئەوەی ئوستوورەسازییەک لە کەسایەتییە سیاسییە سەرەکییەکان بکات، یان ئەوەی بیانکاتە تەوەری گێڕانەوە، گێڕانەوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو ڕووداوە بدات بە دەستەوە و خوێنەر بەجوانی بباتە کەش و هەوای ئەو سەردەمەوە، هەرچەند بەگشتی کەش و هەوای سیاسی بەسەر گێڕانەوەکەدا زاڵە، بەڵام نووسەر بە تەوسیفی جوانی فەزای سروشتی و ئینسانیی شار و بۆنە فەرهەنگییەکان و لایەنە کۆمەڵایەتی و ئایینییە جۆراوجۆرەکانی شار و هەوێنی ئەوین، وەک بابەتێکی سۆزدارانە لە ڕۆمانەکەدا، ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بخوڵقێنێت کە بتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر هەستی خوێنەر بجووڵێنێت و لەگەڵ خۆی ڕای کێشێت.

چەمکی بەریەککەوتن و دیالێکتیکی نێوان لایەن و ماکەکان لە چەمکە هەرە سەرەکییەکانی لووکاچ و

بەگشتی مارکسیستەکانە. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر بڕوانینە ڕۆمانەکە ئەو چەمکە گرنگانەی ناو ڕۆمان لە ئەنجامدا توانیویەتی وێنەیەکی گشتی و تا ڕادەیەک ڕوون، لە عەینی لێڵی و مژاویبووندا، ئاراستەی خوێنەران بکات. بۆ وردەکاری، هەستی کوردایەتیی ریشەداری خەڵکەکە و هەلومەرجی مێژووییەک کە لەو سەردەمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا خوڵقابوو و بۆشاییەکی دەسەڵاتی درست کردبوو لە لایەک و خەیانەتی عەشیرەت و کەسایەتییە کوردەکان و وڵاتە بەرژەوەندیخواز و هەلپەرستەکانیش لە لایەکی ترەوە دیالێکتیکێکیان خوڵقاندبوو کە لە بەرهەمەکەی خوڵقانی کۆمار و دواتریش هەرەسهێنانی بوو. لە ڕاستیدا لە ئاوێنەی ئەو ڕۆمانەوە تێ دەگەین کە هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر دەستیان دابووە دەستی یەک بۆ خوڵقانی ئەو ڕووداوە مێژووییە و وێنەیەکی چەند ڕەهەندی و گشتگیرمان دێتە بەر چاو؛ بەڵام لەو ڕۆمانەدا هێزەکانی ناو خودی کۆمەڵگاش بەریەککەوتنیان هەیە. بۆ نموونە وەفادارن بە کۆمار و خەیانەتکارانی و هەروەها خەڵکی ئاسایی و گوندی و دەسەڵاتداران کە هەموویان لێکدژیی بەرژەوەندییان هەیە و کەم تا کورتێک لە ڕۆمانەکەدا خراونەتە ڕوو. جیا لەمەش، گێڕەوەری ڕۆمانەکە تا کۆتایی لەو پرسە گرنگەشدا تێ ماوە کە ئایا خەباتی چەکداری بکات و لەو ڕێیەوە دەتوانێت بە ئامانجەکانی خۆی نەتەوەکەی بگات، یاخود وەکوو سادق بەهائەدین ئامێدی خەریکی چالاکیی فەرهەنگی بێت و لەو ڕێیەوە خەبات بە قەڵەم بکات. ئەو دووڕیانە ڕەنگە هەر ئێستاش یەکێک لە گرنگترین پرسەکانی بەردەم چالاکوانەکانی کورد بێت و بە ئەنجامێکی ڕوون نەگەیشتبێتن. نووسەر ئەو ڕۆمانەی لە چوار بەشدا نووسیوە و بە چوار چرای وێنا کردووە. ئەو بە کەڵکوەرگرتن لە هێماگەلی جۆراوجۆر و تەنانەت هەندێک ماکی جادوویی لە گێڕانەوەکەیدا ـ وەک کەسایەتیی جادوویی ئەمیراڵ ئاغا، قوتووی تووتنەکە کە قەت تووتنی لێ نابڕێت و هەر دەگاتەوە دەستی بادین، هەڵقوڵینی خوێن لە شوێنی کوژرانی غەفوور مەحموودیان و... گێڕانەوەکەی لە ڕیئالیزمی تۆخ سەرتر دەبات و چێژێکی زۆر زیاتر بە خوێنەر د ە بە خشێت.

سەبارەت بە گۆشەنیگای گێڕانەوەش، ڕاستە کە نووسەر لە زۆربەی ڕۆمانەکەدا لە گۆشەنیگای یەکەم کەسی تاک کەڵک وەردەگرێت، بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لە کەسایەتیگەلێکی جۆرەکیی بەهێز و تێکەڵکردنیان لەگەڵ کەسایەتییە ڕاستەقینەکان، گێڕانەوەکەی زۆر دەوڵەمەند دەکات و

له کۆتاییی ڕۆمانەکەشدا لە لاپەڕەی ٣٠٩ تا ٣١٨ ئەو یەکەم کەسە دەبێتە دووەم کەس و گێڕەوەر لە قاوغی خۆی دەردەکەوێت و باس لە خۆی دەکات، ئەنجا لەویش تێ دەپەڕێت و لە ٣٢١ تا کۆتاییی ڕۆمانەکە گێڕانەوەکە دەکاتە سێیەم کەس و بەم جۆرە دوو هێڵی گێڕانەوە، کە یەکیان چارەنووسی بادینە و یەکیشیان کۆمار، کۆتاییان پێ دێت: بادین بێسەروشوێن دەبێت و سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەڕوات و کۆمار بە لەسێدارەدانی قازی کۆتاییی پێ دێت و هەموو چراکان کە هێمای هیوان، دەکووژێنەوە.

ئەگەر بمانەوێت بزانین چەمکی گشتێتییەک کە مەبەستی لووکاچە لەو ڕۆمانەدا تا چ ڕادەیەک دەستەبەر کراوە، پێویستە بڵێین ڕۆمانەکە توانیویەتی خوێندنەوەیەکی گشتی و چەند ڕەهەندی لە ڕووداوێکی مێژوویی لە ڕێگەی فرەهێڵیی گێڕانەوەوە بخاتە ڕوو و ڕەگ و ماکی مێژوویی لەگەڵ دۆخی ناوچەیی و نێونەتەوەییی سیاسییش بنوێنێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمان بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنیکەکانی گێڕانەوە، وەک هێماناسی، گۆڕینی لێزانانە و ماناداری گۆشە نیگا، گێڕانەوەی چەند هێڵی، تێکەڵکردنی کەسایەتیی خەیاڵکرد و ڕاستەقینە، زیادکردنی بابەتی سۆزدارانە و ئەوین بە گێڕانەوەکە، تەوسیفگەلێکی شاعیرانە و جوان و تەنانەت ناوئاخنکردنی کۆمەڵێک شێعری تایبەت بە خۆی و تەنانەت هێنانەئارای هەندێک ماکی گێڕانەوەی جادوویی، گێڕانەوەکەی لە ڕوانگەی ئەدەبییشەوە یەکجار بەرز بکاتەوە و ڕۆمانێکی زۆر سەرکەوتوو بخوڵقێنێت. هەرچەند ڕەنگە ئەو ڕەخنانەشی لێ بگیرێت کە:

یەک: نووسەر لە نواندنەوە و گێڕانەوەی ژیانی ئاساییی خەڵکیشدا یەکجار لایەنی سیاسیی کارەکەیزەق کردووەتەوە و باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکەی زۆر کەم نیشان داوە. واتە تەنانەت ئەو کاتەی باسی دانیشتنی ناو سۆزانیخانە و قاوەخانە و دووکانی گوریسفرۆش و وێنەگریش دەکات، بەردەوام بابەتی بەر باس، سیاسەتە و تانە و توانجی سیاسەت فرکەی دێت.

دوو: نووسەر زۆر جار هەست دەکرێت بە زۆری دەیەوێت ڕووداوە مێژووییەکانی پێشتر بە شێوەیەکی دەسکرد بە ڕووداوی کۆمارەوە گرێ بدات، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەڵگەیەکی وا لەبەر دەست نییە کە شتێکی وا بەم زەقییە لە ئارادا بووبێت.

سێ: تەوسیفی زۆر و گۆڕینی بەردەوامی تەوەرەکان و کانوونەکان، خوێنەر هەندێک تووشی سەرلێشێواوی

دەکات و هەڵپەسێران و ڕاکێشانی ڕۆمان کەم دەکاتەوە و ڕەنگە زۆر کەس حەزیان لێ نەبێت بەدوای هەودای گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بچن بزانن دەبێتەوە چی.

چوار: لە کەڵکوەرگرتن لە هێما لەو ڕۆمانەدا هەندێک زێدەڕۆیی کراوە و بگرە دەیان هێما لەکاردا هەیە کە ئەوەش خۆی ڕۆمانەکە ئاڵۆز دەکاتەوە و لە کاریگەریی هێماکانیش کەم دەکاتەوە.

## ٦ـ ئەنجام

ڕۆمانی مزاباد ڕۆمانێکی مێژووییە کە نووسەرەکەی، جان دۆست، بە زاری کورمانجی نووسیویەتی. ئەو ڕۆمانە چیرۆکی سەردەمی کۆماری کوردستان لە ڕوانگەی کەسایەتییەکی خەیاڵکردەوە دەگێڕێتەوە. ئەو ڕۆمانە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندگەلێکی جۆراوجۆر، وەک پێشینەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و مێژوویی ئەو ڕووداوە، دۆخی ژێئۆپۆلێتیکی ناوچەکە، دۆخی فەرهەنگی، سیاسی، زمانی و ئایینیی خەڵکی شارەکە، شێوەی ژیانی خەڵک، دەوری کەسایەتییەکان و خوڵقاندنی کەسایەتیی جۆرەکی و هێمایی سەرکەوتوو و تێکەڵکردنیان لەگەڵ کەسایەتیی ڕاستەقینە و هەروەها تەکنیکەکانی گێڕانەوەی سەرکەوتوو، وەک گۆڕینی زمانی گێڕانەوە، کەڵکوەرگرتن لە هێماگەلی جۆراوجۆر، تێکەڵکردنی خۆشەویستی و ئەویندار لەگەڵ گێڕانەوە، تێکەڵکردنی سەرکەوتووانەی کەسایەتیگەلی ڕاستەقینە و خەیاڵکرد و زۆر تەکنیکی تر، ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بخوڵقێنێت.

ئەگەر لە ڕوانگەی چەمکی گشتێتیی لووکاچەوە بڕوانینە ڕۆمانەکە، بێگومان چەتری ڕۆمانەکە بابەتگەلێکی یەکجار زۆری داپۆشیوە و تا ڕادەیەکی زۆر باسی هەموو ڕەهەندەکانی کردووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەشی سیاسی و سەربازی بەسەر کەشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا زاڵە و نووسەر زۆرتر داکۆکیی لەسەر دۆخی سیاسی کردووە، تاکوو ژیانی ئاساییی خەڵکانی ناو کۆمەڵگە؛ واتە ڕاستە کە نووسەر باسی ژیانی خەڵک دەکات، بەڵام ئەوەی باسی دەکرێت کەم وایە شتێک جگە لە بۆچوونی سیاسیی ئەوان بێت و زۆرتر داکۆکی لەسەر ئەو بوارە کراوە. بە زمانێکی تر، ئەگەر کۆمەڵگەی مهاباد ئەو جۆرە بووبێت کە لەو ڕۆمانەدا باس کراوە، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی یەکجار سیاسەتبردوو بووە کە بێگومان ناکرێت سەتاسەد وا بێت.

سەبارەت بە کەسایەتیی مامناوەندیش، کەسایەتییەکان دوو دەستەن: خەیاڵکرد و ڕاستەقینە. کەسایەتییە خەیاڵکردەکانی ئەو ڕۆمانە کەسایەتیی مامناوەند هەن، بەڵام یەکجار سیاسەتبردوون و

هەموو باس و خواستی ژیانیان، مەسەلەی سیاسەت و دۆخی سیاسیی کۆمارە، دەنا بێگومان چینی مامناوەندن و ژیانی ئاساییشیان باس کراوە. سەبارەت بە کەسایەتییە ڕاستەقینەکانیش نووسەر کارێکی سەرکەوتووانەی ئەنجام داوە، بەو هۆیەی کە لە هیچ کام لە کەسایەتییەکان بوت و ئوستوورەی چێ نەکردووە و کەسی بەدوور لە ڕەخنە نەگرتووە و نەزانیوە، هەروەها زمانی سەرەکیی گێڕانەوەکەش کەسایەتییە خەیاڵکردەکانن، نەک ڕاستەقینەکان. لە دەورگێڕانی ئەوانیشدا ئێمە هەرگیز تووشی ئەو هەستە نابین کە قارەمانانێکی سەیروسەمەرە و سەروویین، بەڵکوو بەتەواوی هەست دەکەین لەگەڵ کەسانێکی ئاسایی ڕووبەڕووین کە لە ژیانی ئاساییی خۆیاندا هەڵسوکەوت دەکەن.

ئەگەر بمانەوێت شیکردنەوەکەمان بەرینە سەرتر و بزانین جان دۆست چ وێنەیەکی لە سەردەمی کۆمار خستووەتە ڕوو، پێویستە بڵێین نووسەر هەوڵی داوە ڕووداوەکە بە مێژووی خەباتی کوردییەوە بلکێنێت. جیا لەمەش، واقعبینانە دۆخی سیاسیی نێونەتەوەیی و ناوچەییی ئەو سەردەمەشی باس کردووە تاکوو ڕوون بێتەوە ئەو ڕووداوە بە شێوەیەکی دانەبڕاو لە کەش و ڕەوشی سەردەم ڕووی نەداوە، بەڵکوو بەشێک بووە لە کۆیەکی مێژوویی سیاسیی ناوچەکە. هەروەها نووسەر ویستوویەتی چەمکی خەیانەت بە نەتەوە، وەک یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەگرتنی کۆمار و سەرهەڵدانە مێژووییەکانی پێشتر بێنێتە بەر باس و ئەوەش لە قەڵەم نەخات کە خواست و ویستێکی یەکگرتوو لەناو سەرۆک عەشیرەتەکان و بەگشتی گەلی کوردا بوونی نەبووە کە خۆیان دەستیان لە گیرفانی خۆیاندا بێت و بڕیاردەری چارەنووسی خۆیان بن .

ئەم ڕۆمانە پێمان نیشان دەدات کە چۆن دەکرێت وێنەیەکی گشتی و گشتبین لە ڕووداوێکی مێژوویی لە بیچمی فۆرمێکی ئەدەبیدا بخولقێندرێت و نووسەر بێ ئەوەی مێژووشی خوێندبێتەوە، لە مێژوودا بژیێت و هەستی پێ بکات؛ بەڵام ناکرێت لەم ڕەخنەیەش چاوپۆشی بکەین کە ڕۆمانەکە بەگشتی کۆمەڵگەیەکی یەکجار سیاسەتبردووی وێنا کردووە کە ئەگەر بەڕاستی وا بایە، ڕەنگە چارەنووسی کۆمار بەم ئاقارەدا نەچووبا و ئەم ویستە گشتییە توانیبای خۆی داسەپێنێت. هەروەها نووسەر نەیتوانیوە دژبەریی بەرژەوەندییە چینایەتی و سیاسییەکانیش بە شێوەیەکی پاساوهەڵگر بخاتە ڕوو، بەڵکوو تەنیا بە سەرکۆنەکردنی سەرۆک عەشیرەتەکان و زەمکردنیان باسەکەی پێچاوەتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە ڕۆماننووسی سەرکەوتوو دەبێت لە نواندنەوەی هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکاندا پاساوهەڵگربوونیشیان بخاتە ڕوو و وردبینانە بۆ خوێنەری

ڕوون بکاتـــەوە کـــە چـــۆن ڕوانگەی لایەنـــە جۆراوجۆرەکانـــی کۆمەڵگـــە بۆ خۆیان قەناعەتپێهێنەر بـــووە؛ واتە تەنیا بـــە ڕەش و ســـپی نواندنی هەڵوێســـت و کەســـایەتییەکان هەرگیـــز ناتوانرێت گێڕانەوەیەکی ســـەرکەوتوو و واقعبینانە و گشـــتی لە واقعییەتـــی مێژوویی بخرێتە ڕوو.

بەکورتـــی ئەم ڕۆمانە هـــەم لە باری دارشتنی کەســـایەتی و هەم گشتێتییەوە ڕۆمانێکی تـــا ڕادەیەک ســـەرکەوتووە، بەڵام دۆخی سیاســـەتبردوویی بەســـەر گێڕانەوەکەدا زاڵـــە و ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگـــی کەمتـــر دەبینرێـــت و لێکدژیـــی بەرژەوەندیـــی چینایەتی و سیاسییش بە شـــێوەیەکی پاساوهەڵگر نەنوێنـــدراوە. جیـــا لەوەش لـــە باری تەکنیکـــە ئەدەبییەکانی گێڕانەوەشـــەوە ڕۆمانێکی بەرچـــاوە و تەنانەت دەکرێت بڵێین هەندێک لـــە ڕیئالیزمی تۆخیش مـــەودا دەگرێـــت و لە چەند شـــوێندا بـــەرەو ڕیئالیزمی جادوویـــی دەچێت؛ هەروەها ڕۆمان لە بـــاری ڕەهەندەکانی تری ئەدەبییشـــەوە قســـەی زۆری پێیە و بەتایبـــەت لە بابـــەت هێماخوازییەوە کارێکـــی بەهێزە.

## پەراوێزەکان:

1- Faramarzi.shoresh@gmail.com
2- Georg Lukacs
3- Walter Scott
4- Balzac
5- Tolstoy
6- Emile Zola

٧ - وەرگیـــراو لە فەســـڵی ٢٤ی کتێبـــی "تاریخ سیاســـی معاصر کوردســـتان" تالیف دکتر کمال روحانی (١٤٠٠)

## سەرچاوەکان


١. حاتمـــی، امیر حســـین (١٣٩٨)، تحلیل و بازنمایـــی تاریـــخ اجتماعی در رمـــان تاریخی بر مبنـــای دیدگاه جـــورج لـــوکاچ، پژوهش ادبیات معاصر جهان: دوره ٢، شـــماره ١، بهار و تابســـتان ١٣٩٨، صص: ٦٧-٤٣٥.

٢. خالـــق پنـــاه، کمـــال و ناصـــری، جمیل (١٣٩٦)، بازســـازی تاریخی و سبک شخصیت پـــردازی در رمـــان ســـال‌های ابـــری: قرائت لوکاچـــی، مجله جامعه شناســـی هنر و ادبیات، بهار و تابســـتان ١٣٩٦، دوره نهم، شـــماره ١؛ صص ١٥٨-١٣٣.

٣. دۆســـت، جان (٢٠٢٤)، مژابـــاد، وەرگێڕان: فەرهـــاد چۆمانی، ناوەندی ڕۆشـــنبیریی مەم و ز ین

٤. روحانـــی، کمـــال (١٤٠٠)، تاریـــخ کورد و کوردســـتان (ج دوم: تاریـــخ سیاســـی معاصر کوردســـتان)، سنندج: نشـــر آراس.

٥. عسگری حســـنکلو، عســـگر (١٣٨٧)، سیر نظریەهـــای نقد جامعه شـــناختی ادبیات، ادب پژوهشی: شماره


۶. لوکاچ، جرج (۱۳۹۱)، پژوهشـــــی در رئالیسم اروپایی، ترجمه اکبر افســـری، تهـــران: علمی و فرهنگی

۷. لوکاچ، جرج (۱۳۷۹)، نقد، نویســـنده و فرهنگ، ترجمـــه اکبر معصوم بیگی، تهـــران: دیگر .

۸. لـــوکاچ، جـــرج (۱۳۸۸)، رمـــان تاریخی، ترجمه شـــاپور بهیـــان، تهـــران: اختران

۹. لوکاچ، جـــرج (۱۳۹۲)، نظریه رمان، ترجمه حســـن مرتضوی، تهران: آشیان

۱۰. محمـــدی، جمـــال و احمدیـــان، ایـــوب (۱۴۰۲)، "تکه‌پـــاره شـــدن زیســـت‌جهان ســـوژه کرد به روایت رمـــان تاریخی: خوانش لوکاچی رمان زینـــووی بەتەم"، پژوهشـــنامه ادبیات کردی، ۹/۲/۱۴۰۲ Doi: ۳۳-۶۶، ســـال ۹، شـــماره ۳، پیاپی ۱۶.



11. Ahmadzadeh, H. 2024. "Resurrecting Silent Histories: A Journey through the Historical Novels of Kurdish Auther Jan Dost". Orientalia Suecana. Vol. 73: 110-132.

12. Bochenska, J. 2014. "Kurdish Contemporary literature in search for Ordo Amoris". Nubihar Akademi. Vol: 1 issue: 1-2014. Pp: 35-54.